# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە (٦٠)　٢٧٢٤ی کوردی　٢٠٢٤ی زایینی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـــارە (٦٠)    ٢٧٢٤ی کــوردی    ٢٠٢٤ی زاییـــنی



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

**حەمەسەعید حەسەن کەریم**

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. ساڵح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**



http;//gov.krd/ka    ISSN: 2520-4106    **هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# کۆتبەندی مۆرفۆلۆجی لە زمانی کوردیدا

## (هەڵێنجراو- مستل)

ساهر صباح علی

بەشی زمانی کوردی/ فاکەڵتیی پەروەردە
زانکۆی کۆیە
sahirsabahs@gmail.com

پ. ی. د. عومەر مەحمود کەریم

بەشی زمانی کوردی/ فاکەڵتیی پەروەردە
زانکۆی کۆیە

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (کۆتوبەندی مۆرفۆلۆجی لە زمانی کوردیدا)یە، لێکۆڵینەوەکە دەچێتە ناو ئاستی مۆرفۆلۆجییەوە و لە هەندێ باریشدا، پەلی هاویشتووە بۆ ناو ئاستی واتاسازییەوە. لێکۆڵینەوەکە باس لە چۆنیەتیی کۆتوبەندی مۆرفۆلۆجی لە ڕۆنانی وشەدا دەکات.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەپێی ڕێبازی وەسفیی شیکاری ئەنجام دراوە، جگە لە پێشەکی لە دووبەش پێک هاتووە: لە بەشی یەکەمدا وەکو دەروازەیەک بۆ چوونە ناو بابەتەکە کۆمەڵێک بابەت و چەمک ڕوون کراونەتەوە، وەکو زانیارییە زمانییە مۆرفۆلۆجییەکان لە فەرهەنگدا لەگەڵ چەمک و زاراوەی مۆرفێم.

بەشی دووەمیش تایبەت کراوە بۆ کۆتوبەندی مۆرفۆلۆجی لە زمانی کوردیدا و، ڕوونمان کردۆتەوە، کە ئەو هۆکارانەی دەبنە کۆتوبەندی گیرەکەکان لە زمانی کوردیدا چین؟

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

کلیلەوشە: کۆتبەندی، گیرەکەکان، مۆرفیم، داڕشتن.

**بەشی یەکەم**

**زانیارییە زمانییە مۆرفۆلۆجییەکان لە فەرهەنگدا**

زانیاریــی مۆرفۆلۆجــی تــاک و بەکارهێنــانی تاکلایەنانــەی یاسـا مۆرفۆلۆجییـەکان لێـک دراوەتـەوە، بـەو پێیـەی ئاگاییـی مۆرفۆلۆجییانــە، ئاگاییــی تاکلایەنانــە تاکــە لــە داڕشــتن و لێکدانـدا (چونکـە ئاخێـوەری زمانێـک زانیارییـەکانی پەیوەسـت بەڕێزمانەکەیــەوە لــە لایــە و لــە بەکارهێنــانی زمانــدا بــە ئاگاییــەوە بەرجەســتەی دەکات. بۆیــە دەبێــت ئامــاژە بــەوە بدرێـت کـە ئـەو زانیاریانـە کەرەسـتەیەکی خـاون و لـە نـاو فەرهەنگـی ئاوەزیـدا خـەزن کـراون، بـەوەش زانیارییـەکان لـە خـەزن کـراوە فەرهەنگییەکانـدا نواندنێکـی ناوەکـی (Internal Representation) دەبێــت و لــە ڕێزمانیشــدا نواندنێکــی دەرەکـی (External Representation) زانیارییـەکانی ئاخێـوەری زمــان لــە کەرەســتە فەرهەنگییــەکانی دان و لــە ڕێزمانــدا دەخرێنـە ڕوو، واتـە زانیارییـە هەڵگیراوەکـەی نـاو فەرهەنـگ دەبنـە بنەمـای فۆرمداڕشـتن لـە ڕێزمانـدا) (مەعـرووف، 2020، 167) توێــژەرانی بــواری مۆرفۆلۆجــی هەوڵــی ئــەوە دەدەن " دەزگایەکــی پەســنکردن و پەســنکەرانە بــۆ دەربڕینــی یاســا مۆرفۆلۆجییــەکان بهێننــە ئــاراوە، کــە ئامانجــی ڕاســتەوخۆ لــە فــۆرم و شــێوەی مۆرفۆلۆجیــدا لاسـایکردنەوەی داڕشــتەی ئــاوازەی mental representations زانیارییــە زمانییەکــەی قســەکەر و وێنەگرتــن و نوانــدنی وەک خــۆی" (مەحــوی، 2021، 57) داتــاکانی نــاو فەرهەنــگ لــە شــێوەی فۆرمــی نەشـکاوە هەڵگیـراون، واتـە هـەر زانیارییەکـی مۆرفۆلۆجـی یـان واتایـی هەبێـت، ئـەوا لـە ناوەخنـی ئـەو داتایانـەدا هەڵگیــراون / خــەزن کــراون. زانیارییــە مۆرفۆلۆجییــەکان لــە تێکـردەی وشـەیی زمانەکانـەوە وەردەگیرێـن و دەبنـە هــۆکاری دەســتەبەرکردنی ئاگایــی مۆرفۆلۆجییانــە بــۆ ســەر لەنـوێ داڕشـتنەوەی وشـەی نـوێ لەسـەر بنەمـای دروسـت و واتـا. هەڵوەشـاندنەوەی فۆرمـی مۆرفۆلۆجییانـەی وشـەیەک و تێکشـکاندنی کۆتوبەنـدە واتـای و دروسـتەیەکەی پەیوەندیـی بـەو زانیارییـە شـاراوە و ئاشـکرای ئاخێـوەری زمانـەوە هەیـە (مەعـروف، 2020، 168) مۆرفۆلۆجـی ئەرکـی وشـە دروسـتکردنە (داڕشـتن و لێکدانـە) لـە فەرهەنگـدا و شـکانەوە و ڕێزبوونـە لــە سینتاکســدا. بــە هــۆی بــوونی کەرەســتەکانی زمانــەوە دەکرێـت بەپێـی ویسـتی زمانەکـە بـۆ دەربڕینـی چەمکێکـی نـوێ، پێکهێنــان و ڕۆنــانی وشــە بەڕێکوپێکــی لــە زمانــدا ڕوو دەدات. (ئەحمــەد، 2011، 16) مۆرفێمــە فەرهەنگییــەکان پۆلەڕەگــەزەکانی / کاتیگۆرییــەکان (نــاو، ئاوەڵنــاو، ئاوەڵکــردار، پێشــناو، کردار،...هتــد)، وەک کەرەســتەیەکی فەرهەنگــی لــە پرۆســەکانی لەیەکــدان و لکاندنــدا بەشــداری لــە دروســتکردنی وشــەی نــوێ، (وشــەی لێکــدراو و شــەی داڕێــژراو)دا دەکــەن، وەک مۆرفێمــی ســەربەخۆیش (وشــەی یــەک مۆرفێمــی) لــە فەرهەنگــدا هــەن و نــاوی پۆلەڕەگــەزی فەرهەنگــی / کاتیگـۆری لێکسـیکیان لـێ نـراوە. بەرامبـەر بـە مۆرفێمـەکانی فەرهەنــگ، کــە پرۆســەی وشــە دروســتکردنن (لەیەکــدان و لکانـدن)، مۆرفێمـە سینتاکسـییەکانیش هـەن، کـە بـۆ پرۆسـەی داڕشــتن (ڕەمــەزان، 2015، 16) داڕێــژراوەکان، هەمــوو ئــەو فۆرمـە مۆرفۆلۆجییانـەن، کـە گۆڕانکـردنی سینتاکسـییان هەیـە و چەمکـەکانی (نـاسراوی، نەنـاسراوی، ژمـارە (تـاک کـۆ) توخـم / ڕەگـەز، ڕێـژە، ڕووکار،... هتـد) دەگرێتـەوە. ڕۆنـانی مۆرفۆلۆجـی پشــت بــە بەشــەکانی ئاخاوتــن دەبەســتێت.

**چەمک و زاراوەی مۆرفێم**

مەبەســت لــە زاراوەی مۆرفێــم ئــەو دانــە ئەبســتراکتەی زمانـە، کـە لـە هەمـوو زمانەکانـدا هەسـت بـە بـوونی دەکرێـت و خــاوەنی چەمکێکــە، مۆرفێــم یەکێکــە لــەو هۆیانــەی کــە حاڵــەتی ڕێزمــانی لــە مۆرفۆلۆجــی، هەروەهــا لــە سینتاکســدا پێــک دێنــێ. بــەڵام دەربڕینــی حاڵــەتی ڕێزمــانی تاکــە دەوری مۆرفێــم نییــە، دەورێکــی دیکــەی زۆر گرنگــی هەیــە، کــە ئەویــش ڕۆنــانی وشــەیە (مــارف، 1977، 24) هــەر وەک دەیبینــن (وشــە دروســتەی Structures هەیـە و ژمارەیەکیـش لـە وشـەکان لەیەکچـوونی کەمەکیـی فـۆرم – واتـا نیشـان دەدەن. بـەڵام لـە زۆربـەی حاڵەتەکانـدا پەیوەندیـی فـۆرم و واتــا ڕاســتوڕەوان و ڕاســتەڕێییە و بــەش یــان ســەگمێنتەکانی بــە ئاسـانی بـۆ بەشـە پرواتـاکانی لەیـەک جیـا دەکرێنـەوە و لەیـەک دەترازێنرێـن. ئـەو بەشـانەی وشـە ناونـراون (مۆرفێـم) (مەحـوی، 2021، 6) مۆرفێمەکانیـش "یەکـەی ئەبسـتراکتن و لـە قسـەکردندا جیـا دەکرێنـەوە بـە مـۆرف نـاو دەبرێـت" (258 , crystal , 1992) هــەر لــە ســەرهەڵدان و ئاشــکراکردنی بیــری مۆرفێمــەوە، تاکــو ئێســتا چەندیــن پێناســەی بــۆ کــراوە.

"مۆرفێم بە بچووکترین یەکەی واتاداری زمانی دادەنرێت، کە فۆنێمێک یان چەند فۆنێمێک دەنوێنن، کە لەڕووی فۆنەتیک و سیمانتیکەوە لە هیچ فۆرمێکی تر ناچێت "(Bloomfield , 1933, 161-162). مەبەست لە مۆرفێم (بچووکترین دانەی واتاداری زمانە، ئەوەیەکە ناتوانرێ بچووکتر بکرێتەوە بە مەرجێ واتای نەفەوتێ) (مارف، 2004، 341) چونکە یەکەمین ڕەگەزی سەرەکی، کە پێویستە ئاماژەی پێ بدەین لە مۆرفۆلۆجیدا ڕەگەزی واتایە. ئەمەش بووە بە بنایەغە بۆ ناساندنی چەمکی مۆرفێم لە هەموو کارە مۆرفۆلۆجییەکان و کراوە بە بنەماییەک. ئەو چەمک و واتایە دەکرێتە پێوەر، کە مۆرفێمەکان هەڵیانگرتووە، بە شێوەیەکی گشتیش، دەکرێت بە دوو جۆرەوە، یەکەمیان مۆرفێمی ئازاد، کە واتایەکی فەرهەنگییان هەیە و بەشداری لە دارشتنی چەمک و واتای نوێدا دەکەن. دووەمیان مۆرفێمی بەند، کە واتای مۆرفێمێک لە ناو وشەیەکدا دەبێ پەیوەندی بە واتای گشتیی وشەکەوەیە، چونکە لە دەرەوەی وشەکە بە تەنیا نە ئەرکێکی ڕێزمانی و نە بەهایەکی واتای هەیە (خۆشناو، 2016، 29) بۆ نموونە مۆرفێم ناتوانێت هەڵبوەشێنرێتەوە بۆ یەکەی بچووکتر کە خۆیان واتاداربن، وەک مۆرفێمی (گوڵ) کەرت بکەین چونکە تەنها لە یەک مۆرفێم پێک هاتووە هەموو کات خاوەنی واتان. سەبارەت بە مۆرفێمی بەند ئەگەر / نا / لە وشەی وەک (ناڕوات، ناچێت، ناخوات،... هتد) مۆرفێم بێت چونکە واتای وشەی پێچەوانەی واتای بنکەکەی دەکاتەوە، (نا) دەیان وشەی تر (ناوک، نایان، ناشتن،...هتد) بە مۆرفێم ناژمێردرێ چونکە لێرەدا بە تەنیا نە ئەرکێکی ڕێزمانی نە بەهایەکی واتای هەیە، واتە بەزۆری لە ناو وشەدا واتایان پێ دەدرێت لە دەرەوەی وشە بێ واتان.

"مۆرفێم بچووکترین دانەی زمانییە کە واتای هەبێت و دابەش نەبێت بۆ دانەی بچووکتر، توانای دووبارەبوونەوەی هەبێت" (Stageberg , 1981, 83) مەبەست لە دووبارەبوونەوە ئەوەیە (بۆ ئەوەی هەر دەنگێک، یان چەند دەنگێک بە مۆرفێم هەژمار بکرێت، پێویستە توانای دووبارەبوونەوەی لە نموونەی جیاجیادا، هەبێت، بە جۆرێک پێویستە لە دەقی جیاوازدا، بە واتا و ئەرکی تەواو یەکسان دەرکەوێت، ئەم خاسیەتەی مۆرفێم لە هەندێ چەشندا زۆر ڕوون و بەرچاوە، بەتایبەتی لە مۆرفێمی ئەرکی و (سینتاکسی)دا، بەڵام لە مۆرفێمی فەرهەنگیدا ئەمە کەمتر دەبێتەوە) (خۆشناو، 2016، 38) بۆ نموونە مۆرفێمی / نا / لە وشەکانی (ناخوێنێت، ناڕوات، ناکڕێ،...هتد) بە مۆرفێم دادەنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا "دووبارەبوونەوە بە هەمان واتا ناکرێ بە تەواوی پشتی پێ ببەسترێ چونکە هەندێ جار بە ناچاری دەبێ فەرامۆش بکرێت لەبەر ئەوەی کە دووبارەبوونەوە سنووری بۆ دانانرێت" (فتاح و قادر، 2006،10) بۆ نموونە (نا) بە مۆرفێم دانانرێت لە وشەکانی (نایاب، ناسک، ناوێزە،...هتد) چونکە هیچ نرخێکی ڕێزمانی یان سیمانتیکی دیاریکراوی نییە، جگە لەوە مۆرفێمێک لەوانەیە تەنها لە تاکە وشەیەکدا هەبێت. وەک مۆرفێمی (فسە) تەنها لە وشەی (فسەزمان)دا دەبینرێت. یان مۆرفێمی (یلکە) تەنها لە وشەی (چاویلکە)دا دەبینرێت بەواتای ئامێر (محمد، 2019، 53) بۆییە دووبارەبوونەوە بنەمای هەرە گرنگ نییە لە هەڵاوێرکردنی مۆرفێمدا، ناشێت بکرێتە مەرجێکی بنەڕەتی و نەگۆڕ بۆ هەموو مۆرفێمێک.

"مۆرفێم بچووکترین دانەی پێکهاتەی ڕێزمانە ناتوانرێت بچووکتر بکرێتەوە بە مەرجێک واتا، یان ئەرکە ڕێزمانییەکەی لە دەست نەدات" (Trask ,1996 ,176) یەکێک لە سیماکانی ناسینەوەی مۆرفێم بریتییە لە کەرت نەبوون، واتە "مۆرفێم بە بچووکترین دانەی دابەش نەکراوی زمانە" (Katamba, 2006, 20) لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک مۆرفێم بە شێوەیەک دێنە پێش چاو، کە وەک یەک فۆرم دەردەکەوێت، بەڵام دەشێت ببنە دوو مۆرفێم. بۆنموونە وشەیەکی وەک (هونەرمەند) بە دوو مۆرف دادەنرێ نەک هەر لەبەر ئەوەی (هونەر) و (- مند) واتایان هەیە و لە دەوروبەری تردا دووبارە دەبنەوە وەک (هونەری ڕادیۆ، هونەری وێنە، هونەرە جوانەکان،... هتد یان بەهرەمەند، دەوڵەمەند،...هتد) بەڵکو لەبەر ئەوەیش کە ئەم دوو کەرتە نابن بە پارچەی ووردترەوە بەبێ تێکچوونی واتاکانیان واتە : هونەر لە (هون) و (-ەر)

دروستـ نەبـووە، هەرچەنـدە پاشـگری (-ەر) لـە دەوروبـەری تـــردا بەرچـــاو دەکـــەوێ دووبـــارە بۆتـــەوە وەک (خوێنـــەر، نووسـەر، برژێنەر،...هتـد) (فەتـاح و قـادر، 2006،10) هیـچ کام لـەم سـیمایانەی کـە لـە سـەرەوە باسـمان کـرد بـە ئاکامێکـی زانســتیمان ناگەیەنێــت، چونکــە هـــەر یـــەک لـــەم ســیمایانە ناتوانێــت بەتــەواوی پشــتی پــێ ببەســترێت.

"مۆرفێــم بچووکتریــن پارچـــەی زمانـــە" (Aronoff and Fudeman, 2011, 2) ئـەوەش لـە دووبارەبوونـەوەی" فۆنیمـێ یـان زیاتـر پێـک دێـت و قاڵبێکـی فیزیکـی هەیـە" (ئەمیـن، 2009، 222) لەبـارەی تایبەتمەندیـی قاڵبـی فیزیکـی مۆرفێـم سـەرەتا سـووربوونێک هەبـوو کـە مۆرفێـم دەبـێ بوونێکـی بەرجەسـتە و لەبـەر چـاوی هەبێـت، تەنانـەت هەندێـک زمانـەوان، دەرکەوتنـی فیزیـاوی مۆرفێـم دەکـەن بـە مـەرج (خۆشـناو، 2016، 36) لـە ڕاستیدا دەبـێ بوتـرێ زۆربـەی هـەرە زۆری مۆرفێمـەکانی زمـان ئـەم مەرجەیـان تێـدا هەیـە و بـوون و نەبـوونی کار ناکاتـە سـەر بیرۆکـەی مۆرفێـم، چونکـە مۆرفێـم نییـە کـە شـێوەی نەبێـت، واتـە مۆرفێـم هەرگیـز لـە شـێوەی سـفردا نابێـت، بـەڵام دەشـێ یەکێـک لـەو فۆرمانـەی کـە بیرۆکـەی مۆرفێـم پێشـان دەدەن (یەکێـک لـە ئەلۆمۆرفـەکانی) لـە شـێوەی سـفردا دەبێـت (فەتـاح و قـادر، 2006، 11) واتـە لـە شـیکردنەوەی هەنـدێ کەرەسـتەی زمانـدا، بـە زۆری لـە چوارچێـوەی مۆرفێمـە بەنـد ئەرکییـەکان و بەتایبەتیـش کلیتیکـەکان، زمانەوانـەکان ناچـار دەبـن تەنانـەت (سـفر) یـان (هیـچ) بـە ئەلومـۆرف دابنێـن. لـە زمـانی کوردیـدا ئاسـاییە لەچەنـد شـوێنێکدا تووشـی ئەلۆمۆرفـی وا دەبیـن (ئەحمـەد، 1990، 50) بـۆ نموونـە لەگـەڵ کاری ڕابـردووی تێنەپـەڕدا، جێنـاوە لـکاوی کەسـی سـێیەمی تـاک دەرناکەوێـت. وەک (هاتـم / هاتیـن، هاتیـت / هاتـن، هـات / هاتـن) کەچـی (لەڕاسـتیدا لـە چوارچێـوەی هـەردوو چەشـنی مۆرفێمـی بەنـد (فەرهەنگـی و ئەرکـی) دا بـوونی هەیـە. کەواتـە دەشـێت (سـفر) شـێوەیەک بێـت لـە شـێوەکانی پێشـاندانی مۆرفێـم، بـەڵام مۆرفێمـی (سـفر) لـە ئـارادا نییـە (فتـاح و قـادر، 2006، 11) بـەم پێیـە ناکـرێ پـێ داگرتـن لەسـەر ئـەوەی کـە مۆرفێـم شـێوەیەکی فیزیکـی هەبێـت، چوونکـە دەشـێ (ئەلۆمۆرفێـک) لـە ئەلۆمۆرفـەکانی مۆرفێمێـک لـە شـێوەی (سـفر)دا بێـت.

بـە شـێوەیەکی گشـتی زمانەوانـان جگـە لـەم بنەمایانـەی سـەرەوە پەنـا دەبەنـە بـەر جیـاوازی و پێیـان وایـە بچووکتریـن جیـاوازی دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە ئـەو جیاوازییـە وەک مۆرفێـم تەماشـا بکرێـت. لـەم ڕووەوە (کاتامبـا) دەڵێـت: مۆرفێـم بچووکتریـن جیاوازییـە لـە شـێوەی وشـەدا، کـە بتوانـێ بچوکتریـن جیـاوازی لـە واتـای وشـە، یاخـود ڕسـتە دروسـت بـکات. هـەر لەسـەر ئـەم بۆچوونـە (سۆسـێر) دەڵێـت: مۆرفێـم بریتییـە لـە بچووکتریـن جیـاوازی لـە فۆرمـدا دروسـت بـکات، جـا مۆرفێـم خـۆی واتـای هەبێـت (وەک هەندێـک جـار هەیـەتی)، یـان نەیبێـت لـە بارەکـە ناگۆڕێـت. کەواتـە خاڵـی گرنگـی لـە دەستنیشـانکردن و دیاریکـردنی مۆرفێـم، بـوونی جیاوازییـە لـە شـێوەی وشـە و ڕسـتە و ڕۆنانەکانـدا (مسـتەفا، 2021، 36). بـە شـێوەیەکی گشـتی مۆرفێـم هەڵگـری ئـەو سـیمایەیە، کـە لـە ڕێگەیانـەوە مۆرفێـم دەناسرێتـەوە و سـنووری دیـاری دەکـەن، بەپێـی پلەبەندییـان.

**بەشی دووەم**

**کۆتوبەندی سەر دارشتنی گیرەکەکانی بەشەکانی ئاخاوتن**

**١- ناو**

أ- نـاوی پیشـە: مۆرفێمـە بەنـدەکان لـە زمـانی کوردیـدا، بەشـداری لـە داڕشـتنی نـاوی پیشـەدا دەکـەن بەمـەش فەرهەنگـی زمـان بـە پەیدابـوونی وشـەی نـوێ دەوڵەمەنـد دەکـەن (عەبدوڵـڵا، 2013، 34) وەک : مۆرفێمـەکانی (گـەر، چـی، کـەر، ەوان، مەنـد، دار،...هتـد) هەندێکیـان دەوریـان لـە وشەسـازیدا زۆرە هەندێکیشـیان دەوریـان لاوازە بەهـۆی ئـەو کۆتوبەندییـەی دێتـە بەردەمیـان، بـۆ نموونـە پاشـگری (گـەر) پاشـگرێکی زۆر چـالاک نییـە، چونکـە تەنیـا دەچێتـە سـەر (نـاو)و واتـا پیشـە دەگەیەنێـت، واتـە بناغـەکان هەموویـان نـاون و دەرکردەکانیشـیان هـەر پۆلەڕەگـەزی نـاون، بەمـەش بـوونی پاشـگرەکانی دیکـەی وشـەداڕێژی نـاوی خـاوەن پیشـە، ئـەو ناوانـەی فۆرمـی سـادە یـان لێکـدراون و نـاوی خـاوەن پیشـەن، ڕێگـرن لـە داڕشـتن بـەم پاشـگرە (ئەحمـەد، 2010، 72) یەکێکـی تـر لـەو کۆتوبەندیـانی لـە داڕشـتنی وشەسـازیدا تووشـمان دەبێـت، ئەوەیـە کـە هەندێـک بەربەسـت ناهێڵێـت وشـەی تـازە دروسـت بێـت (کەرەمـی، 1396، 49). بـۆ نموونـە

فۆرمـی (شـانۆکار) ڕێگـرە لـە داڕشـتنی (شـانۆگەر)، هەروەهـا فۆرمـی (سـۆفی) ڕێگـرە، لـە داڕشـتنی وشـەی (سـۆفیگەر) چونکـە وشـەی سـۆفی بـێ ئـەو پاشگرە واتـا و مەبەسـتی خـۆی دەگەیەنێـت، بـەڵام وەک نـاوی ئەبسـتراکت (شـانۆگەری) و (سـۆفیگەری) هـەن. هـاوکات پاشـگری (گـەر) بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە سـەرەتادا لەگـەڵ نـاوی چەنـد کانزایەکـدا هاتـووە و نـاوی خـاوەن پیشـەی گەیانـدووە، بـەڵام لـە ئێسـتادا و بـە تێپەڕبـوونی کات لەگـەڵ بناغـەی چەنـد ناوێکـی تـردا بـەکار دەهێنرێـت، کـە نـاوی کانـزا نیـن (ڕەمـەزان، 2015، 121) ئـەم کۆتوبەندانـەی سـەر پاشـگری (گـەر) وایکـردووە ڕێـژەی بەکارهێنـانی لـە ئاسـتێکی کەمـدا بێـت.

پاشـگری (ەوان) ئـەم پاشـگرە جگـە لـەوەی نـاوی خـاوەن پیشـە دادەڕێژێـت، بەهـۆی، بەهـۆی نیشـانە واتاییەکانیـەوە، دەکرێـت جـۆری تـری نـاو دابڕێژێـت، واتـە سـنوری چالاکیـی بەرهەمهێنـانی لـە داڕشـتنی وشـەدا زیاتـرە لـە پاشـگری (گـەر). بـەڵام یەکێـک لـەو هۆکارانـەی کـە بازنـەی بەرهەمـی بەرتەسـک دەکاتـەوە (کۆتوبەنـدی) دەکات، ئەوەیـە کـە هەنـدێ گیـرەک هەیـە کـە بـەس لەگـەڵ پۆلێـک لـە وشـەکاندا هەڵـدەکات و ناچێتـە سـەر ئـەوانی تـر واتـە تەنیـا دەڕواتـە سـەر بناغەیـەک کـە نـاو بێـت (کەرەمـی، 1396، 48) بۆنموونـە (نـاو + ەوان) (ئاشـەوان، باخـەوان، دارەوان، بەرخـەوان،... هتـد) لـەڕووی واتـاوە، هەرچەنـد نیشـانە واتاییـەکانی پاشـگری (ەوان) تاڕادەیـەک زۆر کـراوەن و ڕێگـە بـە داڕشـتنی زیاتـر لـە جۆرێـک لـە نـاو دەدەن، هـاوکات سـنووری داڕشـتن بـەم پاشگرە دیاریکراوە و پێویستی و جـۆری پیشـەکان لـە دەرەوەی زمـان ئـەم سـنوورە دیـاری دەکـەن. وەک هـەر یەکێکـی دیکـە لـە پاشـگرەکانی نـاوی خـاوەن پیشـە، بـوونی پاشـگرەکانی دیکـە و فۆرمـی سـادە و لێکـدراوی نـاوی خـاوەن پیشـە لـە زمانـدا ڕێگـرە لـە بـە بەرهەمـی ئـەم پاشـگرە (ئەحمـەد، 2010، 76). ئـەم مۆرفێمـە بـە شـێوەیەکی گشـتی لەگـەڵ بناغـەی ئـەو وشـانەدا دێـت، کـە لـە بـواری ئاژەڵـداری و پیشـەی کشـتوکاڵیدا لـە کاردایـە. جیـاوازی لـە سـیمای لاوەکیـدا هەیـە، بـەوەی کـە بـەزۆری سـیمای { + پیشـە }، { پارێـزگاری } تێدایـە. سـەرەڕای ئـەوەی کـە هەنـدێ جاریـش سـیمای { + ئەزمـوون و شـارەزای } هەڵدەگرێـت (خۆشـناو، 2016، 165).

پاشـگری (کـەر) یەکێکـە لـە مۆرفێمـەکانی داڕشـتنی نـاوی پیشـە، مۆرفێمێکـی ناسـادەیە و لـە دوو بـەش پێـک هاتـووە { ڕەگـی کـرداری (کـردن) + پاشـگری / ەر /، واتـە (کـە + / ەر / / کـەر /) }، دیـارە ئەمیـش بـە تیاچـوونی یەکێـک لـە دوو دەنگـە بزوێنـە کورتەکـە [ ە ]، بـەڵام لـە ئێسـتادا وەک یـەک مۆرفێـم مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکرێـت و یەکێکـە لـە گیرەکـە دێرینـەکانی داڕێـژی نـاوی خـاوەن پیشـە (مستەفا، 2021، 178) لـە ئێسـتای زمـانی کوردیـدا تاڕادەیـەک کۆتوبەنـدی لەسـەرە، کـە ئەمـەش پەیوەنـدی بـە لایـەنی سـیمانتیکی و تابـووی گیرەکەکـەوە هەیـە، لەبـەر ئـەو تێکەڵبوونـەی ڕەگـی (کـە) لەگـەڵ پاشـگری (ەر)دا دەبێتـە (کـەر) ئـەم فۆرمـەش هاوبێـژە لەگـەڵ وشـەی (کـەر / گوێدرێـژ)دا، کـە ئەمـەش کۆتوبەنـدی دەخاتـە سـەر پاشـگری (کـەر) نرخـی لـە داڕشـتنی وشـەکانی زمـانی کوردیـدا کـەم دەکەنـەوە، یـان بـێ بایەخـی دەکـەن (محمـد امیـن، 2023، 91) بۆیـە زۆرجـار قسـەکەر هـەوڵ دەدات کـە ئـەو وشـانەی بـەم گیرەکـە ڕۆنـراوە بیگۆڕێـت بـە وشـەیەکی هاوواتـای وەک وشـەکانی (یاریکـەر: یاریـزان، کارەکـەر: خزمەتـکار، نوێژکـەر: نوێژخوێن،...هتـد).

پاشـگری (ەر) دەچێتـە سـەر ڕەگـی کار و نـاوی پیشـە دادەڕێـژن، بـەڵام هەندێـک جـار لایـەنی کۆتوبەنـدی وادەکات بـە بەرهەمـی کـەم بکاتـەوە، بـۆ نموونـە (ەر) لـە زمـانی کوردیـدا بـە شـێوەیەکی چـالاک لـە ڕەگـی تێپـەڕ نـاوی کارا سـاز دەکات، کەچـی دەبینیـن لـە ڕەگـی زان(زانیـن)ەوە نـاوی (زانـەر) سـاز نەبـووە چونکـە هەبـوونی وشـەیەکی هاوواتـا وەک (زانـا) کـە بـە پاشـگری (ا) سـاز بـووە بەربەسـتی سـازبوونی (زانـەر) بـووە، جگـە لەمـە ئـەو ڕەگانـەی کۆتاییـان بـە پیتـەکانی (ر/ ڕ) هاتـووە کاتێـک پاشـگری (ەر) پێیانـەوە دەلکێـت دەبێتـە هـۆی سـەخت دەربڕینیـان و خـۆش ئاوازیەکەیـان تێـک دەدات (کەرەمـی، 1396، 52) وەک : (بـڕەر، دڕەر، کـڕەر، خۆرەر،...هتـد) بۆیـە ئاخێـوەری کـورد لـەم چەشـنە وشـەیە دەبورێـت و بـە جێگەیـان وشـەی تـر ساز دەکات وەک : (ببـڕ، کڕیـار، بخـۆر، بدڕ،...هتـد) هەروەهـا یەکێکـی تـر لـە هـۆکارەکان ئـەو کـردارە لێکدراوانـەی بەشـی دووەمـی کـردارەکانی (کـردن، بـردن، دان)ە، مـەرج نییـە هەموویـان بنـە نـاوی کارا، ئەمـەش پەیوەندیـی بـە پێویستی

لــە دەرەوەی زمــان و لایــەنی واتــاوە هەیــە، بــۆ نموونــە کـرداری (شـووکردن) هەیـە، بـەڵام نـاوی کارای (شـوکەر) نییـە، هەروەهـا هەندێـک جـار بەهـۆی ئـەوەی فۆرمـی دیکـە، ئـەو ئەرکـە دەبینـن، یـان مـەرج نییـە هەمـوو ڕەگێـک ئـەم ڕۆڵـە ببینێـت، بەهـۆی بـوونی پاشـگرەکانی دیکـەی داڕشـتنی نـاوی خــاوەن پیشــە (ئەحمــەد، 2010، 82) وەک ئــەو پیشــانەی ناوەکـەی لـە کردارێکـی لێکـدراوەوە وەردەگیرێـت، بـۆ نموونـە (دارتــاش، ســەرتاش،...هتد) یــان ئــەو پیشــانەی ناوەکــەی لــە کردارەکـــەوە وەرنەگیـــراوە، بـــۆ نموونـــە (ئاســـنگەر،...هتد) ئەمـە جگـە لـە نـاوی خـاوەن پیشـە، داڕشـتنی نـاوەکانی تـر پێویسـتی بـەم پاشـگرە نییـە.

پاشــگری (چــی) مۆرفێمــی گەیانــدنی چەمکــی پیشــەیە، هەرچەنـدە هەنـدێ لـە بۆچوونـەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە لـە بنەڕەتـدا، لـە زمـانی تـورک و مەغۆڵـەکان وەرگیرابێـت، لـە ڕووی سـیمانتیکییەوە زیاتـر هەڵگـری سـیماکانی (+پیشـە، +بەردەوامی)یـە، بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی لەگـەڵ بناغـەی نــاودا دەردەکەوێــت و لەگــەڵ بەشــە ئاخاوتنــەکانی تــردا، دەرناکەوێـت (خۆشـناو، 2016، 164) کـە ئەمـەش کۆتوبەنـدی دروسـت دەکات لەسـەر پاشـگری (چـی) لـە بـە بەرهەمـی ئـەم پاشـگرە کـەم دەکاتـەوە لـە داڕشـتنی بەشـەکانی تـری ئاخاوتـن، هەندێـک جـار بـوونی پاشـگرەکانی دیکـەی داڕشـتنی نـاوی خـاوەن پیشـە، ڕێگرێکـی ڕوونی بـەردەم ئـەم پاشـگرەیە، جگـە لـەوەی، کـە ئـەم پاشـگرە لـە ڕووی واتـاوە هەمـوو جۆرێکـی نـاوی خـاوەن پیشـە دانارێژێـت (ئەحمـەد، 2010، 79) هەروەهــا جیــاواز لــە مۆرفێمــە بەنــدە خۆماڵییــەکان، تەمەنیـان کەمـترە، بۆیـە پاشـگری (چـی) لـە پاشـگرەکانی تـر زیاتـر بـەو ناوانـەوە دەلکێـت کـە وشـەی ڕەسـەنی کـوردی نیــن (ڕەمــەزان، 2015، 134). بــۆ نموونــە دەڵێیــن (کوشــندە) ناڵێیـن (کوشـچی) یـان (بەخشـند) ناڵێیـن (بەخشـچی) یـان (ناڵبەنـد) ناڵێیـن (ناڵچـی).

ب- نـاوی واتایـی (ئەبسـتراکت) : لـە زمـانی کوردیـدا پاشـگرەکانی (ەتی/ ێتـی، یـەتی، ینـی، ەیـی، ایـەتی، انە،...هتـد) نـاوی واتایـی (مەعنـەوی) دروسـت دەکـەن، ئـەو جـۆرە ناوانـەش مانـای تەجریـد (ئەبسـتراکت) دەبەخشـن و واتـای نەوعیـەت و خاسـیەت و بـار و جـۆری چالاکیـی تێدایـە (مــارف، 1977، 53).

پاشــگری (ایــەتی، یــەتی) لــەکاتی بەشــداریکردنیان لــە دروســتکردنی نــاوی ئەبســتراکت، لــە ڕووی ســیمانتیکییەوە هەندێـک بناغـە قبـوڵ دەکات و هەندێـک بناغـەی تـر قبـوڵ نـاکات، واتـە کۆتوبەندیـان دەخاتـە سـەر، کـە لـە هەمـان بەشـەئاخاوتنن. بـۆ نموونـە: دەتوانیـن بڵێیـن (بەڕێوەبەرایـەتی / بەڕێوەبەریـەتی، کوردایـەتی / کوردیـەتی، کەسـایەتی / کەسـیەتی) بـەڵام ناتوانیـن ئـەم وشـانە هەمـان پاشـگر لەگـەڵ هەندێـک بناغـەی هەمـان بەشـەئاخاوتن بـەکار بێنیـن. وەک: (کوڕیـەتی، کچایـەتی، پیاوایـەتی، ژنایەتی،...هتـد). بـۆ ئـەوەی هۆکارەکـەی بزانیــن پێویســتە لــە ڕووی ســیمانتکییەوە بــۆ واتــای ئــەم مۆرفێمانــە بگەڕێیــن، بۆچــی هەندێــک لــە بناغــەکان وەریدەگرێــت و هەندێــک لــە بناغــەکان وەریناگرێــت لــە حاڵەتێــکا هــەر هەمــان بناغەیــە (کەتیگــۆری)ە، بۆیــە پێویسـتی بـە دواداچـوونی ورد هەیـە بـۆ دەرخسـتنی واتـای ئــەم مۆرفێمانــە، یــان ســیما واتاییــەکانی ئــەو مۆرفێمەیــان هەیــە، هەروەهــا ئیــش لەســەر ســیما واتاییــەکانی ئــەو بناغەیـەش بکـرێ کـە مۆرفێمەکـە دەچێتـە سـەری لەوێـوە بـۆت ڕوون دەبێتـەوە، کـە لـە ڕووی سـیمانتیکییەوە هۆکارەکـە بناغەکەیـە یـان مۆرفێمەکەیـە کـە مۆرفێمەکـە ناچێتـە سـەری، جگـە لەمـە پاشـگری (ایـەتی) هەنـدێ کۆتوبەنـدی تـری دێتـە سـەری، وەک بـوونی ئـەو ناوانـەی لـە بنینـەدا ئەبسـتراکتن، یـان لـە ڕووی واتـاوە لـە زۆر بـاردا دەکرێـت پاشـگری (ی) لـە جیـاتی ئـەم پاشـگرە بـەکار بهێنرێـت، هەروەهـا هەنـدێ جـار لایـەنی واتـای لـە داڕشـتنی هەندێـک نـاوی ئەبسـتراکت بـە پاشـگری (ایـەتی) ئەلۆمۆرفـەکانی ڕێگـرە، جگـە لـە جـۆری ئـەو ناوانـەی بـەم پاشـگرە دادەڕێژرێـن، دیـاری کـراون (ئەحمـەد، 2010، 93).

پاشــگری (ی) ئــەم مۆرفێمــە ئەلۆمۆرفێکــی تــری هەیــە (یی)یـە، کـە کۆتوبەنـدی بـۆ ئـەم پاشـگرە دروسـت دەکات، ئەویـش لەگـەڵ ئـەو بناغانـەدا دەردەکەوێـت، کـە کۆتاییـان بــە دەنگــی بزوێــن هاتبــێ، کــە هەمــان ئەرکــی هەیــە، واتــە لــە ڕووی فۆنۆلۆجییــەوە، ئــەو بناغانــەی کۆتاییــان بـە فۆنێمـی (ی) هاتـووە ئـەم پاشـگرە وەرناگـرن. یـان لـە هەندێـک بـاردا بـە هـۆی دیاریکراویـی جـۆری ناوەکـەوە، کـە

کۆتوبەنـدی دروسـت دەکات، وەک قۆناغـەکانی تەمـەن و بـارە کۆمەڵایەتییــەکان (خۆشــناو، 2016، 175).

پاشـگرەکانی (ەیـی، ینـی، نـدە) دەچنـە سـەر نـاوی سـادە و نـاوی واتایـی دادەڕێـژن، بـەڵام زۆر چـالاک نیـن (عەبدوڵـڵا، 2013، 43) پاشـگری (ەتی) بەتایبـەتی لەگـەڵ ئـەو بناغانـەدا دێـن کـە کۆتاییـان بـە دەنگـی بزوێـن دێـت، چونکـە مۆرفۆلۆجـی بـۆ هەمـوو پرۆسـەیەکی خسـتنە تـەک یـەک دەسـتەبەر نـاکات، بەڵکـو سـێتێک کۆتوبەنـدی فۆنۆلۆجـی فۆنۆتاکتیکیـی هەیـە، کـە وەک پاڵێوەرێـک کار دەکـەن و تەنهـا ڕێگـە بـە هاتنـە نـاوەوەی ئـەو وشـانە دەدەن، کـە فۆنۆلۆجییانـە فـۆرم دروسـتن (سـەعید، 2019، 3) هەروەهـا پاشـگری (نـدە) هەنـدێ هـۆکاری کۆتوبەنـد مۆرفۆلۆجـی بەرپرسـە لـە کەمکردنـەوەی چالاکیـی ئـەم مۆرفێمـە بەنـدە، لـە زمـانی کوردیـدا، کـە زیاتـر لەگـەڵ ڕەگــی کاردا دێــت (محمدامیــن، 2023، 87) وەک: (کوشـندە، دڕندە،...هتـد).

ج- نـاوی شـوێن: کۆمەڵێـک لـە گیرەکـەکانی زمـانی کـوردی، کـە بەشـداری لـە داڕشـتنی نـاوی شـوێندا دەکـەن، وەک پاشـگرێک ڕۆڵیـان لـە ڕۆنـانی نـاوی داڕێـژراودا هەیـە، وەک پاشـگرەکانی (گا، گـە، سـتان، خانـە، دان، ەن، جـار، ەوار، (ڵان، ەڵان)، مان،...هتـد) بـە شـێوەیەکی گشـتی شـوێن و جێگـە نیشــان دەدەن (مــارف، 1977، 54).

پاشـگری (سـتان) یەکێکـە لـە پاشـگرە دێرینـەکانی زمـانی کــوردی و دەربــڕی چەمکــی شــوێنە، بــەڵام لــە ڕووی چالاکییـەوە، دەتوانییـن بڵێیـن لـە ئێسـتای زمـانی کوردیـدا بەکارهێنـانی لـە بەرهەمهێنـانی وشـەی نوێـی زمانییـدا کەمـی کـردووە، یاخـود تـا ڕادەیـەک نەمـاوە، هـاوکات یەکێـک لـە گرنگتریـن ئـەو بناغانەیـە، کـە ئـەم پاشـگرە هەڵیدەبژێرێـت، بـە تایبەتیـش نـاوی میللـەت، کـە دەربـڕی شـوێن و سـنووری جوگرافیـای ئـەو میللەتەیـە (مسـتەفا، 2021، 168) کەواتـە هاتنـی ئـەم پاشـگرە لەگـەڵ نـاوی میللـەت، بەڵگـەی ئەوەیـە کـە ئـەم پاشـگرە تەنهـا تایبـەت نییـە بـە زمـانی کـوردی، بـەڵام زمـانی کـوردی بـۆ بەرهەمهێنـانی وشـەی نـوێ سـوودی لـەم پاشـگرە وەرگرتـووە، بـۆ داڕشـتنی نـاوی شـوێن، کەمبەرهەمـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو کۆتوبندییانـەی سـەر ئـەم پاشـگرە، بـۆ نموونـە ئەگـەر بـە واتـای داڕشـتنی نـاوی وڵات سـەیری بکەیــن، ئــەوا کەمێــک لــە وڵاتــان بــەم پاشــگرە داڕێــژراو، زۆربـەی وڵاتـان نـاوی تایبـەت بەخۆیـان هەیـە، وەک: عێـراق، تورکیـا، ئێران،...هتـد.

لــە لایەکــی تــرەوە دەتوانیــن بڵێیــن (نیشـانە واتاییــەکانی کــەم و دیاریکــراون و ڕێگــە لــە داڕشــتنی نــاوی شــوێن بــە پاشـگری (سـتان) دەگـرن) (ئەحمـەد، 2010، 87)

پاشـگری (ەڵان) یەکێکـە لـە پاشـگرە ناچالاکـەکانی دەربڕینـی چەمکـی شـوێن و دەرکـردە و بەرهەمـی ئـەم پاشـگرە بـە پەنجـەکانی دەسـت دەژمێردرێـن، هـەر بۆیـە لـە ئێسـتای زمــانی کوردیــدا بەرهەمێکــی ئەوتــۆی نییــە و دەتوانییــن بڵێیــن لەبەرهەمهێنــان کەوتــووە، هــاوکات ئــەم پاشــگرە دەچێتــە ســەر بناغــەی پۆلــەکانی (نــاو، ئاوەڵنــاو) هەروەهــا لـە ڕووی سـیمانتیکییەوە، گرنگتریـن سـیماواتاییەکانی (+شـوێن، +حوکمــی چــاو، +زۆریی)یــە، ئــەو دیــاردە کۆتوبەندییــەی کـە چالاکیـی ئـەم مۆرفێمـەی کـەم کردووەتـەوە، پەیوەسـتە بــە واتــای خــودی مۆرفێمەکــەوە، چونکــە خۆمــان دەزانییــن ڕاسـتە مۆرفێمـە بەنـدەکان واتـای سـەربەخۆیان نییـە، بـەڵام هەڵگــری جۆرێــک لــە واتــان، یاخــود دەرخــەری جۆرێــک لــە واتــان (مســتەفا، 2021، 169)، بــۆ نموونــە پاشــگری (-ەڵان) دەبینیــن ئــەم مۆرفێمــە لــە زمــانی کوردیــدا زیاتــر لەســەر ئــەو وشــانەن کــە واتــای شــوێنی ئیــش و پیشــەی کۆنیـان گەیانـدووە، وەک (کونـدەڵان، قامیشـەڵان، کەنـدەڵان، زیخــەڵان، ســەوزەڵان، قــەدەلان، ڕەقەڵان،...هتــد) بــەڵام دەبینیــن بــە گــۆڕانی قۆناغەکــە (ســەردەمەکە) و گــۆڕانی پێداویســتییەکان و هاتنــە ئــارای قۆناغێکــی نــوێ شــوێنی نیشــتەجێبوونی نــوێ ئــەم وشــانە بەکارهێنانیــان کەمــەوە بــووە، لەگــەڵ کەمبوونــەوەی بەکارهێنــانی ئــەم وشــانە چالاکیــی بەرهەمهێنــانی ئــەم مۆرفێمــەش کەمــەوە بــووە، بــەڵام لــە ئێســتادا پاشــگری (خانــە) یەکێکــە لــە پاشــگرە چالاکـەکانی ئـەم سـەردەمە چالاکـە لـە داڕشـتنی نـاوی شـوێن، وەک: (چایخانـە، فڕۆکەخانـە، دەرمانخانـە، کتێبخانـە، مەیخانـە، سـەربڕخانە، نەخۆشـخانە، شـێتخانە، مۆزەخانـە، کونسـوڵخانە، پۆسـتەخانە، پۆلیسـخانە،...هتد)، بابـەتی بـوونی کات بابـەتی بــوونی گــۆڕانی نــاوی شــوێن بــوونی واتــای خــودی مۆرفێمــە بەندەکــەی هەڵگرتــووە. ئەمــەش وا دەکات کــە هەندێــک

لــە مۆرفێمــە بەنــدەکان ڕێگریــان لەبــەردەم هەبێــت یاخــود کۆتوبەندیــان هەبێــت.

پاشــگری (گــە، گا) ئــەم پاشــگرە بــە هــەردوو فۆرمــی (گــە، گا) دەردەکەوێــت، بــەڵام فۆرمــی (گــە) چالاکــترە، لەبــەر ئــەوەی دەتوانیــن لەشــوێنی (گا)ش دەربکەوێــت، بــەڵام بــە پێچەوانــەوە، (گا) ناتوانێــت لــە شــوێنی (گــە) لــە هەمــوو جێگایەکــدا دەربکەوێــت، یەکێــک لــە هۆکارەکانــی پەیوەنــدی بــە تابــووەوە هەیــە لــە زمانــدا، چونکــە فۆرمــی گیرەکــی (گا) هاوبێــژە لەگــەڵ نــاوی ئاژەڵــی (گا)دا، هەروەهــا هــۆکاری ئــاواز و ئاســان درکانــدنی گیرەکــی (گــە)ش، بــۆ خــۆی فاکتەرێکــی تــری چالاکیــی ئــەم مۆرفێمەیــە، وەک (فرۆشــگە/ فرۆشــگا، نوســینگە/ نوســینگا)، هەربۆیــە فۆرمــی (گــە) لــە ڕووی ئابوریکــردن، جوانیدەربڕیــن، درکانــدن و ئــاوازو مۆســیقاوە زیاتــر گونجاوتــرە لــە مۆرفێمــی (گا) (مســتەفا، 2021، 127)

پاشــگری (دان) یەکێکــە لــەو پاشــگرەکانی نــاوی شــوێن، کــە بەشــدریدەکات لــە ڕۆنــانی وشــە، "دەچێتــە ســەرناوی ســادە و دەبێتــە شــوێنی هەڵگرتنــی ئــەو شــتە" (عەبدوڵــڵا، 2013، 47) هەروەهــا (لــە ئەمــڕۆی زمــانی کوردیــدا، بەیەکێــک لــەو مۆرفێمانــە دادەنرێــت، کــە لــەڕووی توانــاوە مــام ناوەنــدە، واتــە بەرهەمــی زۆری نییــە و تاڕادەیــەک لەبەرهەمهێنــان کەوتــووە) (خۆشــناو، 2016، 153) چونکــە ئــەم پاشــگرە وەک هەمــوو پاشــگرەکانی دیکــەی نــاوی شــوێن، ناتوانێــت لەگــەڵ هەمــوو بناغەیەکــدا بێــت، بەڵکــو تەنهــا دەچێتــە ســەرناو و ناوەکانیــش نــاوی بەرجەســتەن. جگــە لەمــە لــە ڕووی واتــاوە، ســنووری بەکارهێنــانی ئــەم پاشــگرە دیاریکــراوە و ناتوانرێــت لــە جێــی هیــچ یەکێــک لــە پاشــگرەکانی دیکــەی نــاوی شــوێن بــەکار بهێنرێــت (ئەحمــەد، 2010، 89) ئەمــەش وادەکات زیاتــر کۆتوبەنــد بــن، چالاکییــان کەمــتر بێــت.

ح- نــاوی بچوککــراوە: چەمکــی مۆرفێمــی وشــەدارێژن لــە زمــانی کوردیــدا، "بــە زۆری بــۆ بچووککردنــەوە یــان گەیانــدنی مانــای نــازداری بــەکار دەهێنرێــن، بــەڵام هەندێکیــان جگــە لــە واتــای بچووککردنــەوە، مەبەســتی دیکــەش دەگەیەنــن" (مــارف، 1977، 56) گرینگتریــن ئــەو گیرەکانــەی کــە نــاوی بچووککــراوە دروســت دەکــەن، لــە کتێبــی (فەرهەنگــی زمــان و زاراوە ســازی کــوردی)دا، کۆمەڵێــک پاشــگر دەستنیشــان کــراون، کــە لــە زمــانی کوردیــدا نــاوی بچووککــراوە دروســت دەکــەن، ئەوانیــش بریتیــن لــە (لــە، یــل، یلــە، ڵ، یلانــە، ەڵــە، وولــە، یلــێ، ۆڵ، وڵــە، ۆڵــە، کــە، ەک، ک، یــک، ۆک، ۆکــە، وکــە، وک، ولکــە، ۆڵکــە، یلکــە، چــە، یچــە، ۆچــە، چــک، چکــە، وچکــە، ۆچکــە، یچــک، ێچکــە، ە،...هتــد) (عەبدوڵــڵا، 2013، 67-55).

پاشــگری (ە) کــە مۆرفێمــی بچووککردنــەوەی نــاوە، مۆرفێمێکــی چالاکــە و بــە هۆیــەوە ژمارەیەکــی زۆر نــاو بچــووک دەکەنــەوە، وەک (گڤــە، لــوورە، ئاگــرە، کۆکە،...هتــد)، بــەڵام ئــەم مۆرفێمــە لەگــەڵ هەندێــک نــاودا کۆتوبەنــدی دروســت دەکــەن، چونکــە گرانــە وشــەکان دوای کورتکردنەوەیــان بــەو جــۆرەی هــەن، بدرکێنرێــن، بۆیــە هەنــدێ جــار فۆرمێکــی واتــادار دروســت دەکــەن کــە هیــچ پەیوەندییەکــی بــە نــاوە بنەڕەتییەکــەوە نییــە، وەک (زریــان / زرە، شــادان / شــادە، کــەژاڵ / کــەژە، کارزان / کارە، شــەونم / شــەوە، لاوکــۆ / لاوە، گەلاوێــژ / گەلە،...هتــد) (ســەعید،2013، 71) هەروەهــا هەندێــک جــار ئــەم ڕێگرییــە ڕەنگــە بــە هــۆکاری ئــەوە بێــت، کــە بەشــێک لــە نــاوەکان بــە بزوێــن کۆتاییــان هاتبێــت، ئەمــەش دەبێتــە کۆتوبەندییــەک لــە بەکارهێنــانی پاشــگری (ە) بەکارهێنــانی پاشــگرێکی تــر وەک (جۆگــە*ە / جۆگەلــە، کانی*ە / کانیلە،...هتــد).

**گیرەکە ڕێزمانییەکانی ناو:**

گیرەکــی ڕێزمانــی دروســت بــوونی فۆرمــی جیــاواز لــە هەمــان وشــەدا دەگەیەنــێ، ئەرکەکانیــان ئاماژەکردنــە بــۆ پەیوەندییــە ڕێزمانییــەکان (فەتــاح و قــادر، 2006، 49) هــەر یەکــە لــەو مۆرفێمانــەی دیاریکــردن (ەکــە، ێــک، ان) ئەلۆمۆرفیــان هەیــە، ئــەم گیرەکانــە هەڵگــری واتــان و زیاتــر لــە نیشــانەیەکی واتایــان هەیــە، هەڵهێنجــان و ڕێزبەنــدی ئــەو نیشــانانە پەیوەســتە بــەو واتایــەی، کــە قســەکەر دەیەوێــت، بیگەیەنێــت. بــۆ گوێگریــش ئــەو زانیارییــە هەڵدەهێنجێــت، کــە بەپێــی فرەنیشــانەکانی ئــەو مۆرفێمــە خراوەتــە ڕوو (مەعــرووف، 2020، 41) ئــەو بناغانــەی ئــەم مۆرفێمانــە وەردەگــرن بــە نــاو دادەنرێــت.

مۆرفێمــە ڕێزمانییــەکان لــە ڕووی چالاکیــی بەرهەمدارییــەوە بەرهەمــدارن و ســنوورێکی نییــە، بــۆ دیاریکــردنی ڕێــژەی بەرهــەم و چالاکییــان، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا مۆرفێمــەکانی بــواری دیاریکــردن بــە تایبــەتی (ەکــە) و ئەلۆمۆرفــەکانی ڕێــژەی

چالاکییـان وەک یـەک نییـەو جیـاوازن.

گیرەکـی (ەکـە، ە) دەتوانێـت نـاوەکان دیـاری بـکات و بیانناسـێنێت، کەواتـە کـردەی ناسراوکـردنی نـاو کردەیەکـی زمانییـە، بریتییـە لـە ئاشـکراکردنی، یـان دەرخسـتنی ناوێکـی گشـتی لەنـاو پۆلەکەیـدا، جگـە لـە گیرەکـی (ەکـە)، لـە ڕێگـەی چەنـد فۆرمێکـی فەرهەنگییـەوە دەتوانێـت نـاوەکان دیـاری بـکات و بیانناسـێت، وەک: (جێنـاوی نیشـانە، دیارخـەری دوای دیارخـراو) (مستەفا، 2021، 193) ئەمـەش وا دەکات چالاکیـی گیرەکـی (ەکـە) کـەم بێتـەوە و کۆتۆبەندیـان هەبێـت، بۆنموونـە "گیرەکـی (ەکـە) و جێنـاوی نیشـانە یـەک ئاراسـتەیان هەیـە و هەردووکیـان ئـەو ناوانـەی کـە دەچنـە سـەریان نـاسراو دەکـەن (ەکـە) لـە ڕێـی گەردانـەوە و جێنـاوی ئامـاژەش لـە ڕێـی ئامـاژەوە بۆیـە پێکـەوە نـۆرە دەکـەن و قـەت پێکـەوە کـۆ نابنـەوە" (کەرەمـی، 1396، 132) وەک (پیاوەکە) (ئـەم پیاوەکـە). جگـە لەمـە گیرەکـی (ەکـە) ناچێتـە سـەر نـاوی تایبـەت، ناکرێتـە نـاسراو چونکـە خـۆی لـە بنەڕەتـدا نـاسراوە.

گیرەکـی (ە) نـاسراوی، "سـنووری بەکارهێنـانی مۆرفێمـی (-ە) ی نـاسراوی، بەرفـراوان نییـە بەڵکـو لـە دەڤەرێـک یـان پـتر بـەکار دێـت، ئاسـایی لەگـەڵ ئـەو مۆرفێمانـەدا دێـت کـە دوادەنگیـان نەبزوێنـە" (قـادر، 2003، 33) ئـەم تایبەتمەندییـەش وای لـێ دەکات بەربەسـت و کۆتوبەنـدی دروسـت بـکات لەگـەڵ ئـەو مۆرفێمانـەی کـە بـە بزوێـن کۆتاییـان هاتـووە.

ئەلۆمۆرفـەکان "کاتێـک ئـەو وشـەیەی لەبـەر دەسـتدایە وەربگیرێـت و گیرەکـی بـۆ زیـاد بکەیـن، هەروەهـا لەوانەیـە گـۆڕانی دەنگـی (phonological change) بەسـەر وشـەکە (بنجەکـە) بێنێـت، ئەنجامەکەشـی ئـەوە دەبێـت، کـەوا ئەلۆمۆرفـی لـێ دەکەوێتـەوە، کـە یاسـاکانی مۆرفۆلۆجـی یـان یاسـا مۆرفۆلۆجییـەکان حوکمـی دەکات" (بابکـر، 2016، 4) بـۆ نموونـە ئەلۆمۆرفـەکان (ەکـە) بریتییـن لـە (کـە، یەکـە، یەکـە، یـەک، ۆک، ۆکە،...هتـد) (بـەڵام ئـەوان بەکارهێنانیـان کەمـەو سـنووردارترە لـە ئاسـت گیرەکـی (ەکـە)دا و بـە سـەرەکیترین کەرەسـتەی چالاکـەکانی مۆرفۆسـینتاکس دانـراون) (حسـێن، 2021، 127) چونکـە ئـەو بناغانـەی کـە ئـەم ئەلۆمۆرفانەیـان لەگـەڵ دێـت، ڕێژەیـان کەمـترە لـە جـاو ئـەو بنکانـەی کـە گیرەکـی (ەکـە) لەگـەڵ دێـت، بـۆ نموونـە (کـە) لەگـەڵ ئـەو بنکانـەدا دەردەکەوێـت، کـە کۆتاییـان بـە دەنگـی بزوێـن هاتبێـت، (یەکـە) لەگـەڵ ئـەو بنکانـەدا دەردەکەوێـت، کـە کۆتاییـان بـە دەنگـی { ۆ، ا، ێ } هاتبـێ (خۆشـناو، 2016، 254).

گیرەکـی (ێـک) (لـە زمـانی کوردیـدا جگـە لـە نیشـانەی نەنـاسراوی (مجهولیـە)، هەروەهـا تاکایـەتی (افرادیە)یـش نیشـان دەدا) (مـارف، 2014، 212) ئەلۆمۆرفـەکانی نەناسـاندن بریتییـن لـە (یـەک، ەک، ێ) ئەمـەش بەڵگـەی ئەوەیـە، کـە ئـەم ئەلۆمۆرفانـە هەمـان بناغەیـان هەیـە و هەمـان ئەرکـی سینتاکسـی ڕادەپەڕێنـن، کـە ئەوەیـش کـردەی ئاشـکراکردنی نـاوە بەشـێوەیەکی گشـتی، کـە ئەمـەش کۆتوبەنـدی دروسـت کـردووە لـە سـەر بەکارهێنـانی (ێـک). جگـە لەمـەش یەکێکـی تـر لـەو گرفتانـەی دێتـە پێـش لـە ڕووی چەمکـەوە، ئەوەیـە کـە ئـەم مۆرفێمـە هەڵگـری ژمـارەی تاکـە لـە پـاڵ نەناسراویەکەیـدا (خۆشـناو، 2016، 264).

گیرەکـی (ان) ئەلۆمۆرفـەکانی بریتیـن لـە (یـان، وات، ات، گـەل، هـات، ەهـا، جـات) (ان) بـە مۆرفێمێکـی چالاکیـی کۆکردنـەوەی (نـاو) دادەنرێـت، لـە زمـانی کوردیـدا، چونکـە لەگـەڵ هەمـوو ئـەو ناوانـەدا بـەکار دێـت کـە کۆتاییـان، بـە نەبزوێـن، یـان بزوێـن هاتـووە (عبدوڵـڵا، 2013، 99) بـەڵام (لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەوەی جێـی سـەرنجە ئەوەیـە کـە گیرەکـی (ان) توشـی هەندێـک کۆتوبەنـدی دەبێتـەوە، بـەم چەشـنە کـە بـۆ لکانـدنی بـە بناغـەی مرۆڤـەوە بێکێشـەیە ڕاسـتەوخۆ بـە هەمـوو جۆریانـەوە دەلکێـت، بـەڵام بـۆ لکانـدنی بـە بناغـەی نامرۆڤـەوە نالکێـت بەڵکـو ئەبێـت لـە پێشـدا بـە نیشـانەی (ەکـە) یـان جێنـاوی نـاسراو بکرێـت پاشـان گیرەکـی (ان) دەچێتـە سـەریان دەنـا ڕاسـتەوخۆ ناچێتـە سـەریان) (کەرەمـی، 1396، 130) بـۆ نموونـە: (کتێـب / کتێبـان / کتێبـەکان، ئەسـپ / ئەسـپان / ئەسـپەکان).

پاشـگری (ەهـا، یەهـا) دیسـان ڕۆڵـی کۆکردنـەوەی نـاو دەبینێـت، بـەڵام بەکارهێنـانی کـەم و سـنووردارە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو کۆتوبەندیـەی لەسـەریەتی لەگـەڵ بناغـەی نـاودا، تەنهـا لەگـەڵ نـاوی ژمـارەی دێـت و ڕۆڵـی کۆکردنـەوە دەبینێـت (قـادر، 2003، 36) واتـە هەمـان ئـەرک و هەمـان شـوێن دەگرێـت، کـە کۆتـای ناوەکەیـە.

پاشــگرەکانی (هــات، جــات، ەهــا) ســەبارەت بــە کــەم بەرهەمــی ئــەم پاشــگرانە "لــە ڕوانگــە بەبەرهەمییــەوە، ئــەوەی لــە مۆرفۆلۆجیــدا جێگــەی ســەرنج و تێبینیکردنــە ئەوەیــە، کــە یاســاکانی مۆرفۆلۆجــی دەشــێت کــەم بەبەرهــەم بــن، چونکــە لاگــر هــەن، ناتوانرێــت لــە گەلێــک لــە حاڵەتەکانــدا و بــۆ گەلێــک حاڵــەت بــەکار بهێنرێــن، یــان یاســاکانی لکاندنیــان جێبەجێبکرێــن" (مەحــوی، 2010، 279)

پاشــگری (ات) (یەکێــک لــە تایبەتمەندییــەکانی ئــەم گیرەکــە لەوەیــە، بــە حوکمــی ئــەوەی کــە مۆرفێمــی ســەرەکیی کۆکردنــەوەی نــاو نییــە لــە زمــانی کوردیــدا، بۆیــە دەگونجــێ ســەرەتا هــەر لەگــەڵ چەنــد وشــەیەکی بێگانــە هاتبــێ و دواتــر لەســەر (پێوانــە- قیــاس)ی ئــەم وشــانە وشــە کوردییەکانیــش بــەم فۆرمــە ڕۆنابێــتن بۆیــە لــە زمــانی کوردیــدا جارێکــی تــر دوای ناسراوکــردنی نــاوەکان دەتوانیــن دووبــارە ئــەو ناوانــە کــۆ بکەینــەوە کــە بــەم مۆرفێمــە کــۆ کراونەتــەوە) (مســتەفا، 2021، 2014) وەک (شوشەوات/شوشــەواتەکان، دێهات/دێهاتــەکان)

**٢- ئاوەڵناو**

لــە زمــانی کوردیــدا ئاوەڵنــاوی داڕێــژراو بــە یارمــەتی کۆمەڵێــک لــە گیرەکــەکان دروســت دەبێــت، بــە یەکێــک لــە ڕێگاکانی دەوڵەمەندکــردنی فەرهەنگــی زمــانی کــوردی دادەنرێــت (عەبدوڵــڵا، 2013، 80) ئــەو گیرەکانــەی بەشــداری لــە داڕشــتنی ئاوەڵنــاو دەکــەن بریتیــن لــە (یــن، ن، دار، نــاک، مەنــد، وور، گیــن، ۆڵ، وەر، ۆکــی، ۆڵــە، ەلــە، انــە، یــل، ی، بــار، ون، کــەش، کاڵ، ەکــی، ەنــگ، ەوار، ا، نــدە، یدە،...هتــد).

پاشــگری (ن) (یەکێکــە لــەو پاشــگرانەی کــە بــە شــێوەیەکی گشــتی بناغــەی نــاو هەڵدەبژێرێــت، بــۆ داڕشــتنی ئاوەڵنــاو، هەندێــک جــار هــۆکاری ســیمانتیکی بــەری ســازبوونی وشــەی تــازە دەگرێــت و بەرهەمــی بەرتەســک دەکاتــەوە. وەک (ورگ/ورگــن، نــەوس/ نەوســن، چڵــک/ چڵکــن) وەک دیــارە ئــەم پاشــگرانە دەچنــە ســەر ئــەو بناغانــەی کــە زۆربوونیــان دەبێتــە وەســفێکی نەرێنــی بــۆ خاوەنەکــەی، کەواتــە نابێــت بچنــە ســەر ئــەو بناغانــەی کــە زۆربــوونی بــۆ خاوەنەکــەی دەبێتــە وەســفێکی ئەرێنــی، بــۆ نموونــە (شۆخ/شــۆخن*، عەقڵ/عەقڵــن*) بــەم جــۆرە چەشــنە بەرتەســک بوونــەوەی بەرهەمهێنــی (کۆتوبەنــد)ی کــە هــۆکاری واتــای هەیــە دەڵێــن کۆتوبەنــدی واتــای) (کەرەمــی، 1396، 53).

پاشــگری (ەکــی) ئــەم گیرەکــە لــە ڕووی بەرهەمــەوە ســست و کەمبەرهەمــە لــە دروســتکردنی ئاوەڵنــاوی داڕێــژراودا، لــە ڕووی بناغــەوە بەگشــتی بەشــەئاخاوتنی نــاو هەڵدەبژێرێــت، پاشــگری (ۆکــی) بــە هەمــان شــێوە لــە ڕووی چالاکییــەوە ســســت و بێبەرهەمــە، بــەزۆری بناغــەی (ئاوەڵنــاو) هەڵدەبژێرێــت ئاوەڵنــاو دادەڕێژێــت (مســتەفا، 2021، 185) هەروەهــا پاشــگری (ایــی) لــە ڕووی بناغــەوە بەگشــتی بەشــە ئاخاوتنــی ئاوەڵنــاو هەڵدەبژێرێــت ئاوەڵنــاو دادەڕێژێــت، کەواتــە یەکێــک لــەو هۆکارانــەی کــە کۆتوبەنــدی دەخاتــە ســەر بازنــەی بەرهەمهێنــی ئەوەیــە کــە هەنــدێ گیــرەک هەیــە تەنهــا لەگــەڵ پۆلێــک لــە وشــەکاندا هەڵــدەکات و ناچێتــە ســەر ئــەوانی تــر، واتــە ئەگــەر بناغــە ســەر بــە ئــەو پۆلەوشــەیە بێــت ئــەوا دەچێتــە ســەری، ئەگەرنــا ناچێــت (کەرەمــی، 1396، 48).

پاشــگری (انــە) یەکێکــە لــەو گیرەکانــەی، لــە داڕشــتنی ئاوەڵنــاودا زۆر چــالاک نییــە، چونکــە بــۆ لکانــدنی بــە بناغــەی مرۆڤــەوە بــێ کێشــەیە ڕاســتەوخۆ بــە هەموجۆرەکانیــەوە دەلکێــت، ڕوواڵــەتی مــرۆڤ پێشــان دەدات، بــەڵام بــۆ لکانــدنی بــە بناغــەی غەیــری مــرۆڤ کێشــەی هەیــە، چونکــە بەدەگمــەن بــەم بناغانــەوە دەلکێــت (مســتەفا، 2021، 185).

پاشگرەکانی (ۆڵــە، ووک، ەوەر، نــۆک، گیــن، کەڵــە، زن) جــۆرێ لــەو گیرەکانــەن، واتایەکــی پۆزێتیڤــی گەیانــدووە، کــە بــە زۆر چــالاک نیــن لــە داڕشــتنی ئاوەڵنــاوی داڕێــژراو، ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ بابــەتی درکانــدن، یــان خــۆش ئــاوازی، یــان هاتنــە ســەر زمــان و بــوونی بابــەتی لەباریــەتی (فلێکســەبلێتی) لــەو مۆرفێمانــەدا وا دەکات، کــە لەبارنەبــوونی لایــەنی درکانــدنی وادەکات، کــە ئــەو مۆرفێمانــە زیاتــر کۆتوبەندیــان لەســەر بێــت وەک لــە مۆرفێمێــک کــە لــە ڕووی ئــاوازەوە خــۆش دێنــەوە لەگــەڵ هەمــوو وشــەکاندا بۆنموونــە (زەردەڵ، نەرمۆڵــە، بچــووک، فشــەڵ،...هتد) (ســەعید، 2013، 103).

**گیرەکە ڕێزمانییەکانی ئاوەڵناو:**

ئــەو مۆرفێمانــەی دەلکێــن بــە ئاوەڵنــاو، دروســتەیەکی فرێــزی دادەڕێــژن، بــەڵام کاکڵــی واتایــی وشــەکە ناگــۆڕن، بــەوەش لــە بەشــەکانی تــری ئاخاوتــن جیــا دەکرێنــەوە، کــە پلــەی بــەراورد و بــاڵا بــە هــۆی گیرەکــە ڕێزمانییەکانــەوە

کــە (تــر، تریــن) وەردەگرێــت (عــەلی، 2014، 203) واتــە "لــە گەردنکــردنی ئاوەڵنــاودا لــە ڕووی مۆرفۆلۆجییــەوە، مۆرفێمــە مۆرفۆسینتاکســییەکانی (تــر، تریــن) دەیاننوێنــن و پەیوەندییەکــی بــەراوردی لــە نێــوان پێکهاتەکانــدا بەرجەســتە دەکــەن" (حسـێن، 2021، 130) "بۆیـە وشـە لـە ڕووی فۆرمـەوە بـە ئاوەڵنـاو دادەنـرێ ئەگـەر بتوانێـت گیرەکـی ڕێزمـانی (تـر، تریــن) وەربگــرێ" (فەرهــادی، 2013، 6) بەواتــای ئــەوەی هــەر بنجــە و زەمینــە بــۆ ژمارەیــە گیرەکــی دیاریکــراو خــۆش دەکات، ئەمــەش کۆتوبەنــدی دروســت دەکات بــۆ بەکارهێنــانی لەگــەڵ بەشــەکانی تــری ئاخاوتــن.

**٣- کردار**

کــردار لــە ڕووی مرفۆلۆجییــەوە بریتییــە لــەو کەرەســتەیەی کــە هەنــدێ گیرەکــی ڕێزمــانی و دارشــتن وەردەگــرێ، لــە زمــانی کوردیــدا کاری دارێــژراو بــە یارمەتیــی پێشــگر و پاشــگر پێــک دێــت (ئەحمــەد، 1990، 95) واتــە دارێــژراو بریتییــە لــەو کــردارەی، کــە لــە کردارێکــی بنــەڕەتی و گیرەکێکــی دارشــتن یــان زیاتــر پێــک دێــت.

أ- پێشــگرەکان: لــە زمــانی کوردیــدا چەنــد پێشــگرێک هــەن، کاتێــک دەچنــە ســەر کــرداری بنــەڕەتی کــرداری دارێــژراو ســاز دەکــەن، وەک پێشــگرەکانی (ڕا، هــەڵ، دا، ڕۆ، وەر، ڕێ، پــێ، تــێ، لــێ، پێــدا، تێــوە، پێــڕا، تێڕا،...هتــد) یەکێــک لــە کۆتوبەندیانــەی کــە پەیوەنــدی بــە کەتیگــۆری وشــەکەوە (بناغە)کــەوە هەیــە، ئەوەیــە کــە ئایــا کەتیگۆرییەکــە کــردارە، ئەگــەر کــرداربێ بەئاســانی لەگــەڵ ئــەم گیرەکانــە هەڵــدەکات و بــەکار دێ، وەک ئــەوەی کەتیگۆرییــە کــە نــاو بێــت، یــان کەتیگۆرییەکــە ئاوەڵنــاو بێــت، واتــە کۆتوبەندییــە مۆرفۆلۆجییــەکان زیاتــر بــە پێکهاتــەی ئــەو بناغەیــەوە پەیوەســتن، کــە گیرەکەکــە وەردەگرێــت.

پێشــگری (ڕا) لــە ڕووی تایبەتمەندیــی مۆرفۆلۆجییــەوە، لــە بنچینــەدا بــە ڕەگــی کــردارەوە دەلکێــت، بــە گشــتی بــۆ بزووتنــەوەی ئاســۆیی (افقــی) بــەکار دێــت، هەروەهــا بــۆ مەبەســتی تریــش بــەکار دێــت (کــۆڕی زانیــاری کــورد، 2011، 197) وەک: (ڕاگرتــن، ڕاپەڕیــن، ڕاخســتن، ڕاماڵیــن، ڕاوەســتا، ڕاوەشــاند،...هتد).

پێشــگری (هــەڵ) بناغــەی بەشــەئاخاوتنی نــاوی ڕووداو/ کــردار، هەڵدەبژێرێــت، ئــەم جــۆرە کارە جووڵــەی تێدایــە و خۆکــردە لــە ژێرکاریگەریــی بکەردایــە (دزەیــی، 2014، 84)، پاشـگری (هـەڵ) لـە هەڵبـژاردنی بناغەکانـدا جیـاکاری دەکات، واتــە هەندێــک لــە بناغــەکان وەریدەگــرێ و هەندێکــی دیکــە لــە بناغــەکان وەرناگرێــت، کــە بناغەکــە لــە حاڵەتێکــدا هــەر هەمــان بناغەیــە (کەتیگۆرییــە)، ئەمــەش پەیوەســتە بەلایــەنی ســیمانتیکییەوە، بــۆ نموونــە ئــەو کردارانــەی جووڵــەی تێدایــە بــە زۆری پێشــگری (هــەڵ) وەردەگرێــت، وەک (هەڵفڕیــن، هەڵهاتــن، هەڵچــوون، هەڵبــوون، هەڵهاتــن، هەڵخلیســکا، هەڵــوەری، هەڵگەڕا،...هتــد) بــەڵام ناچێتــە ســەر ئــەو کردارانــەی کــە جووڵــەی تێــدا نییــە، وەک (هەڵ*مــرد، هەڵ*خنــکا، هــەڵ* نووســتوو،...هتد).

پێشــگری (دا) یەکێکــە لــە پێشــگرانەی تەنهــا دەچێتــە ســەر بناغــەی کــردار، "ئــەم پێشــگرە زۆر چــالاک و بەبەرهەمــە و گەلێــک مانــا دەبەخشــێ و بــە زۆری ڕێچکــەی بزووتنــەوەی لــە ســەرەوە بــۆ خــوارەوە نیشــان دەدات" (مــارف، 2000، 71)، واتــە زۆربــەی واتــاکانی ئــەم پێشــگرە (بــەرەو ژێــرەوە) دەگەیەنــێ، گەلــێ واتــای تــری هەیــە کــە لەگــەڵ ئەمانــە هاوبێــژی دروســت دەکــەن، وەک (دابــەزی، داگــرت، داکەنــد، دانیشــت، داکەوت،...هتــد)، بــەڵام لــە گــەڵ ئــەو کارانــە کۆتوبەنــدی دروســت دەکــەن کــە واتــای بەرزبوونــەوە دەگەیەنــن، وەک (دا* فڕین،...هتــد)، هەروەهــا لەگــەڵ ئــەو کارانــەش نایــەت کــە جووڵەیــان تێــدا نییــە، وەک (دا*مــردن، دا*خەوتن،...هتــد).

پێشگری (پێ، تێ، لێ)

پشــگری (پــێ) (ئــەم پێشــگرە بــە زۆری نیشــانەی بزوتنــەوەی ڕووبــەران بــەرە، وەک دیارخســتنی هــۆی ڕوودان، یــان گــۆڕانی حــاڵ، بــەڵام پێشــگری (تــێ) بەگشــتی بزووتنــەوەی بــەرەو نــاوەوە پێشــان دەدات، هەرچــی پێشــگری (لێ)یــە نیشــانەی بزووتنــەوەی بــەرەو کەســێک یــان شــتێک دەدات) (مــارف، 2000، 73) ئــەم پێشــگرانە وەک "وشــەدارێژەر ڕۆڵ دەبینــن و وەســیلە و ئەبزارێکــی گرنگــی دەوڵەمەندکــردنی فەرهەنگــی زمــانی کوردیــن، بــە نــاوی ڕووداو/چــاوگ" (مســتەفا، 2021، 199) وەک: (پێگەیانــد، پێکــرد، تێکــەوت، تێخســت، لێکــەوت،

لێخوڕی،...هتـد).

هەریـەک لـەم پێشـگرانە دەچنـە سـەر ئـەو بناغانـەی سـەرچاوەکانیان کـردارن، کەواتـە بەرهەمـداری دەکرێـت سـنووردار بکرێـت، بەهـۆی کۆتوبەنـدی مۆرفۆلۆجییـەوە.

پێشـگری (ڕۆ) "ئـەم پێشـگرە لـە ڕووی واتـاوە دەورێکـی نزیـک لـە دەوری پێشـگری (دا) دەگێـڕێ" (فەتـاح و قـادر، 2006، 74) واتـا بزووتنـەوە بـەرەو خـوارەو نـاوەوە نیشـان دەدات، لـە ڕووی چالاکییـەوە، بەرهەمـی کەمـترە لـە مامناوەنـد. وەک: (ڕۆکـرد، ڕۆچـوو، ڕۆنیشـت،...هتد).

پێشـگری (وەر) "ئـەم گیرەکـە بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە ڕووی چالاکـی و بەرهەمـەوە بەرهەمێکـی دیاریکـراوی هەیـە و زۆر بەرهەمـدار نییـە، مانـای پێچکردنـەوە و گەڕانـەوە و هەڵگێڕانـەوە و گۆڕیـن و گوێزانـەوە...ی تێدایـە" (مسـتەفا، 2021، 198) وەک: (وەرسـوڕان، وەرپێچـان، وەرچەرخـان، وەرکەوتن،...هتـد).

ب- (پاشـگرەکان) "لـە زمـانی کوردیـدا دوو پاشـگر هـەن، کـرداری داڕێـژراو دروسـت دەکـەن" (فەتـاح، 2000، 85) ئەوانیـش بریتییـن لـە هـەردوو پاشـگری (ەوە، انـدن). یەکێـک لـەو هۆکارانـەی کـە کۆتوبەنـدی بـۆ ئـەم پاشـگرانە دروسـت دەکات، ئەوەیـە کـە تەنهـا لەگـەڵ بناغـەی کاردا هەڵـدەکات و ناچێتـە سـەر بەشـەکانی تـری ئاخاوتـن.

پاشـگری (انـدن) یەکێکـە لـەو مۆرفێمانـەی، کـە ئـەرک و ڕۆڵـی جیـاواز دەبینێـت، "یەکـەم وەکـو پاشـگرێک ئەرکـی داڕشـتن دەبینێـت، دووەم وەکـو مۆرفێمێکـی ڕێزمـانی ئەرکـی تێپەڕانـدن دەبینـێ" (کەریـم، 2004، 55) لـە داڕشـتنی کاردا بەگشـتی دوو جـۆر بناغـە وەردەگرێـت.

پاشـگری (انـدن) دەچێتەسـەر نـاوی دەنـگ، بـۆ نموونـە لەگـەڵ نـاوی دەنگـە سروشـتییەکان کاری تێنەپـەڕ دروسـت دەکات، وەک (ناڵـە/ ناڵانـد، گرمـە / گرمانـد، قیـژە / قیژانـد،... هتـد)، جگـە لـە نـاوی دەنگـی سروشـتی، دەچێتـە سـەرناوی دیکـەش چـاوگ و کاری تێپـەڕ دروسـت دەکات (عەبدوڵـڵا، 2013، 95) وەک (نەخشـاندن، ڕەنجانـدن، کوردانـدن، گەوجانـدن، نرخاندن،...هتـد) ئـەم پاشـگرە پاشـگرێکی چـالاک و بەبرشـتە لـە زمـانی کوردیـدا، ئـەوەی کۆتوبەنـدی بـۆ دروسـت دەکات ئەوەیـە بـەزۆری دەچێتـە سـەر کاری تێنەپـەڕ.

پاشـگری (ەوە) ئـەم پاشـگرە دەورێکـی گـەورە دەبینـێ لـە زمـانی کوردیـدا، چونکـە ڕۆڵێکـی گرنـگ و سـیمایەکی تایبـەتی هەیـە، لـە ڕووی سیمانتیکیشـەوە گەلێـک واتـای جیـاوازی هەیـە، دەیـان وشـەی نـوێ پێـک دێنـێ. واتـا سـەرەکییەکانی بریتییـن لـە (دووبارەبونـەوە، گۆڕینـی واتـای وشـە، گەڕانـەوە، گۆڕینـی مەفهومـی وشـە... (مـارف، 2000، 89).

پاشـگری (ەوە) بـە ڕەگ و قـەدی کارەوە دەنووسـێ واتـای جیـا دەبەخشـێ:

١- مانای دووپاتی: وەک (هاتن/ هاتنەوە)
٢- گۆڕینـی دۆخ: وەک (لـە دۆخـی مـەرگ بـۆ ژیـان/ زیندووبوونـەوە، لـە دۆخـی شـلی بـۆ گازی/ بەهەڵـم بـوون، گۆڕینـی ڕوو/ هەڵگەڕانـەوە) (فەتـاح و قـادر، 2006، 77)
٣- گۆڕینی چەمکی وشە: وەک (خواردن/ خواردەوە)
٤- گۆڕینی واتای وشە: وەک (خوێندن/ خوێندەوە).

پاشـگری (ەوە) لـە ڕووی سـیمانتیکییەوە بـە واتـای دووبارەبوونـەوە دێـت، بۆیـە کۆتوبەنـدی لەگـەڵ کاری (مرد*نـەوە) دەکات.

**گیرەکە ڕێزمانییەکانی کاردار**

مەبەسـت لـە ڕۆنـانی نـاوەوەی فرێـزی کاری پێکهاتـەی کارە بەپێـی ئـەو مۆرفێمـە جۆراوجۆرانـەی بەشـداری لـە داڕشـتنی کارەکـە دەکـەن، واتـە چەنـد لایەنێکـی دەرخـەری تایبـەتی لێـک دانەبـڕاوی هەیـە و بـە کەتەگۆرییـەکانی مۆرفۆلۆجـی ئاماژەیـی گشـتی نـاو دەبرێـن و مۆرفێمـە وشـە گـۆڕەکان دەیاننوێنـن، هەندێکیـان دەکەونـە پێـش ڕەگـی کارەکـە وەک (پێشـگرەکان، مۆرفێمـی نـەرێ، ئەسـپێکتی بەردەوامـی... هتـد) ئـەو مۆرفێمانـەی، کـە دەکەونـە دوای ڕەگـی کاریـش ئەمانـەن (مۆرفێمـەکانی ڕابـردوو (ا، وو، د، ت، ی)، مۆرفێمـی نادیاری،...هتـد)، کەڵەکـە بـوونی ئـەم چەنـد بابەتـە گەردانییـە لـە کرداردا بووەتـە هـۆی ئاڵۆزبـوونی پرۆسـەی گـەردانی کـردار (محەمەدئەمیـن، 2015، 56)

١- کات:( چەمکـی کات نیشـاندەری سـاتی تایبەتـە لـە گوتـن و نووسـیندا، ئاماژەیـە بـۆ خاڵێکـی دیاریکـراوی کـردار یـان ڕوودان.

کاتی ڕێزمـانی لـە بنەڕەتـدا دابەشـی سـێ بـەشی سـەرەکی

دەبێــت : کاتی ڕابــردوو، کاتی ڕانەبــردوو، کاتی داهاتــوو، ئــەم جیاکردنەوەیــە سوودبەخشــە بــۆ مامەڵەکــردن لەگــەڵ پەیوەندیــی ئاڵــۆزی کاتی ئاســایی و کاتی ڕوودان، لــە هەمــان کاتــدا شــێوە، یــان فۆرمــەکانی کات، کــە ڕۆنــانی مۆرفۆلۆجــی جیاوازیــان هەیــە، دەشــێ بــۆ نیشــاندانی هەنــدێ واتــای جیــاواز بــەکار بێــن.

زمانەوانــەکان زۆرتــر لەخســتنە ڕووی یاســای کاتــدا، پشــت بەبەرامبەرکــردنی شــێوەکانی ڕابــردوو ڕانەبــردوو دەبەســتن ((قــادر، 2003، 60).

أ- کــرداری ڕابــردوو: ئــەو کردارەیــە، کــە پرۆسێســی ڕووداوەکــەی پێــش ئاخاوتــن بکــەوێ، کاتی ڕابــردووی زمــانی کــوردی مۆرفیمــەکانی کات دەیاننوێنــن کــە بریتییــن لــە (ت، د، ا، ی، و) لــە هەمانکاتــدا ســاتەوەختەکانی ڕوودان، لــە ڕێــی ئەسپێکتەکانەوە بـۆ ڕابـردووی (ڕووت، تـەواو، بـەردەوام، دوور) بــە شــێوەیەکی ڕێکوپێــک ورد دەکرێتــەوە لەبەرامبەرکــردنی فۆرمەکانیانــدا (خۆشــناو، 2014، 79).

بۆ نموونە:

| ڕەگ | گیرەکی کاتی ڕابردوو | نموونە |
| --- | --- | --- |
| فرۆش | ت | فرۆشت |
| خوار | د | خوارد |
| کڕ | ی | کڕی |
| کێڵ | ا | کێڵا |
| ب | وو | بوو |

هەندێــک بناغــە مۆرفیمــەکانی کاری ڕابــردوو قبــوڵ نــاکات، واتــە کۆتوبەندیــان دەخاتــە ســەر کــە لــە هەمــان بەشــە ئاخاوتنــی کاردارن. وەک لــە زۆربــەی کاری بکــەر نادیــار، بۆنموونــە (فرۆشــت/فرۆشرا، خــوارد/ خــورا، کڕی/کــڕرا، کێــڵا/ کێڵــرا، بوو/بــوورا).

هەریــەک لــەم گیرەکانــە کۆمەڵەڕەگێکــی تایبــەت هەڵدەبژێرێــن و پێیانــەوە دەلکێــن. واتــە هەریــەک لــەم گیرەکانــە بــە شــێوەیەکی بەرتەســک بــە کۆمەڵــە ڕەگێکــەوە دەلکێــن کــە خــاوەنی تایبەتمەندیگەلێکــی واچــی و ڕێزمانیــن. کەوابــوو هــەرکام لــەم گیرەکانــەی کاتی ڕابــردوو تــووشی کۆتوبەنــدی دەبــن، چونکــە بــەس لەگــەڵ کۆمەڵــە بناغەیەکــدا هەڵدەکــەن، واتــە ئەگــەر ســەیری تایبەتمەندیــی هەریــەک لــە گیرەکــەکانی کاتی ڕابــردوو بکەیــن دەبینیــن، هەریەکــێ لــەم گیرەکانــە تایبەتــە بــە بناغەیەکــی دیاریکــراو ناچنــە ســەر بناغــەکانی تــر.

وەک :

١- گیرەکــی (-ا) بــە ئــەو ڕەگانــەوە دەلکــێ کــە لــە بــاری تایبەتمەندیــی واچناسییەوە لەیــەک بەشــی ســێ پارچەکــە کــە بزوێنــی ژێــرە (ێ) لــە پارچــەی دووەمیــدا بێــت و لــە بــاری هێــزی ڕێزمانییــەوە تێپــەڕن.

٢- گیرەکــی (-وو) بــەس دوو ڕەگ بــە بناغــە وەردەگرێــت تابەتمەندیــی واچناســییەوە یــەک پارچــەن و لــە بــاری هێــزی ڕێزمانییشــەوە تێنەپــەڕن.

٣- گیرەکــی (-ی) بــە زۆری بــە ئــەو ڕەگانــەوە دەلکــێ کــە لەبــاری تایبەتمەندیــی واچاناســییەوە یــەک بەشــن و بزوێنــی ژێرەیــان تێــدا نییــە و لــە بــاری هێزیشــەوە هــەم تێپــەڕ و هــەم تێنەپــەڕن (کەرەمــی، 1396، 92).

ب- کاتی ڕانەبــردوو : بــۆ ڕوودانێکــە، کــە هــەر ئێســتا ڕوو دەدات، یــان دەتوانێــت بــۆ ڕووداوێــک بێــت، کــە لــە ئاینــدەدا ڕوو بــدات، واتــە کارەکــە ڕووی نــەداوە، یــان ئێســتا ڕوو دەدات یــان لــە داهاتــوودا (مەحــوی، 221، 674) ئــەوەی جێــی ســەرنجە فۆرمــی ڕانەبــردوو یەکێــک یــان زیاتــر لــە (ئەســپێکت، جێنــاوە لکاوەکان،...هتــد).

ئەسـپێکت :Aspect : پۆلــە ڕەگەزێکــی ڕێزمانیــی پێکهاتــەی کردارییــە، ئاماژە بــە وەســفی مــاوەی خایانــدنی ڕوودانی کــردار دەکات (Finch , 2000 , 85) ئەمانــەش لــە چەنــد گیرەکێــک پێــک دێــن، ڕۆڵیــان جیــاوازە لــە گیرەکــەکانی کاتی ڕێزمــانی.

پێشــگری (دە) پێــش ڕەگــی کاتی ڕانەبــردوو دێــت و ســەرەتای دەســتپێکردن دەنوێنــن، بــە دوا ڕەگەکەشــدا جێنــاوی لــکاو دێــت، یــان پێشــگری (دە) پێــش بناغــەی کاتی ڕابــردووی بــەردەوام دێــت، بەشــداریی فۆرمــی ڕابــردووی بــەردەوام دەکات (مــارف، 2000، 203-191) مەرجــی ئــەوەی ئــەم گیرەکــە کاتی ڕانەبــردوو بگەیەنێــت ئەوەیــە کــە لەگــەڵ ڕەگــدا بێــت و ڕەگیــش هیچــکام لــەو گیرەکانــەی کــە هــی کاتی ڕابــردوون لەگەڵیــدا نەبێــت. یــان پێــش بناغــەی کاری ڕابــردوو دێــت و بەشــداریی فۆرمــی ڕابــردووی بــەردەوام دەکات.

پێشــگری (ب)، یەکێکــە لــە پێشــگرەکانی کــردار، ئەمیــش ئەسـپێکتێکە و ئاماژە بـە کـردار و داوای قسـەکەر لـە گوێگـر دەکات بــە جێبەجێکــردنی کارێــک، لــە شــێوەی کــرداری داخـوازی (مسـتەفا، 2021، 116) واتـە "پێکهاتـەی واتـای ئـەم ڕووکارە جێبەجێکـردنی یـان نوانـدنی هەڵوێسـتێک لـە گوێگـر/ خوێنـەر دەخوازێـت" (قـادر، 2003، 70) یەکێـک لـە ڕێگەگرتـن (کۆتوبەنــدی) لــە چالاکیــی پێشــگری (ب) ئەوەیــە، تەنهــا دەچێتــە ســەر ڕەگــی ســادە، نابێــت لــە یــەک بڕگــە زیاتــر بێــت، واتــە وشــەی یــەک بڕگەیــی دروســت دەکات، کەواتــە پێکهاتـەی فۆنۆلۆجـی ڕێگـرە لـە بڵاوبوونـەوەی چالاکیـی ئـەم ئەسـپێکتە (محمدامیــن، 2023، 86) بـۆ نموونـە: (بکـوژ، بکـڕە، بـڕۆ، بشـۆ،...هتد).

مۆرفێمــەکانی نەکــردن: "لــە کوردیــدا چەنــد نیشــانەیەک هــەن بــۆ گۆڕینــی کردارێکــی ئــەرێ بــۆ نــەرێ" (ڕەســول، 2014، 22) هەروەهــا دەرکەتنــی هــەر یــەک لــەم نیشــانانە بەنــدە بــە سروشــتی کــردار و کاتەکــەی، ئامــرازی ناکــردن هەمیشــە وەک پێشــگر بــە ڕەگــی کــردارەوە دەلکــێ تەنهــا لەگـەڵ کاتی ڕابـردووی بەردەوامـدا نەبـێ پێـش ئامـرازی (دە)ی بەردەوامـی دەکـەوێ (ئەمیـن، 2016، 50) ئامـرازەکانی ناکـردن بریتیــن لــە (نــە، نــا، مــە، نــی).

1- پێشگری (نە) مۆرفێمێکی چالاکە

أ- لەگـەڵ کـرداری ڕابـردووی تێپـەڕ، بکەردیـار و بکـەر نادیـار.

ب- کاری ڕابردووی تێنەپەڕ، بکەر دیار.

ج- کاری ڕانەبـردووی تێپـەڕ بکـەر دیـار بکـەر نادیـار، تێنەپـەڕ بکـەر دیـار.

2- پێشـگری (نـا) تەنهـا دەچێتـە سـەر ڕانەبـردووی تێپـەڕ بکـەر دیـار و نادیـار، تێنەپـەڕی بکـەر دیـار دەبێـت.

٣- پێشــگری (نــی) ئەرکــی خســتنەڕووی نەبــوونی کاری هەبـوون، کاری بـوونی کاتی ئێسـتا.

٤- پێشــگری (مــە) بــۆ ناکــردنی کاری داخــوازی بــەکار دێــت (قــادر، 2003، 73).

گیـرەکانی (نـا، نـی، نـە، مـە) زیاتـر ئـەو بناغانـە هەڵبژێـرن کـە خۆیـان واتـای نەرێنیـان نییـە، بۆیـە دەوەسـتنە سـەر واتـای ئـەو بناغەیـەی کـە گیرەکـەی پێـوە دەلکێـت (محمـد، 2019، 163) واتـە (کۆتوبەنـدە واتاییـەکان ڕێگـرە لـە چالاک مۆرفێمـەکانی نەرێکـردن، چونکـە مۆرفێمـەکانی نەرێکـردن بـەردەوام لەگـەڵ وشـەی ئەرێنیـدا دێـن (محمدامیـن، 2023، 86).

**ئەنجامەکان:**

١- هــەر پۆلــە ڕەگەزێکــی فەرهەنگــی پۆلێــک مۆرفێمــی بەنـد وەردەگـرن و هـەر ئـەو پۆلـە مۆرفێمـە بەندانـە دەتوانــن لەگــەڵ ئــەو پۆلــە ڕەگــەزەدا فەرهەنگیانــە دەربکــەون.

٢- مۆرفێمــە بەنــدەکان چەندیــن پــۆل و گــروپ پێــک دەهێنــن هــەر پــۆل و گروپێــک لەمانــە دەچنــە ســەر پۆلـە ڕەگەزێکـی فەرهەنگیـی دیاریکـراو، ناتوانـن لەگـەڵ پۆلـە ڕەگەزێکـی فەرهەنگـی تـردا دەربکـەون.

٣- بـە شـێوەیەکی گشـتی بناغـەی وشـەکان، کۆتبەنـدی دەخەنــە ســەر مۆرفێمــە بەنــدەکان گروپێکــی دیاریکراویــان دەتوانــن لەگــەڵ بناغەکانــدا دەربکــەون، ئـەم دەرکەوتـن و دەرنەکەوتنـەش پەیوەسـتە بـە لایـەنی ســیمانتیکییەوە.

٤- مۆرفێمـە ڕەسـەنەکان زیاتـر دەچنـە سـەر بناغـەی ئـەو وشـانەی، کـە وشـەی ڕەسـەنی کوردیـن، بـەڵام مۆرفێمـە ناڕەسـەنەکان کەمـتر ئـەو بناغانـە هەڵدەبژێـرن.

**لیستی سەرچاوەکان**

**بە زمانی کوردی**

- ئەحمــەد، کەوســەر عەزیــز (١٩٩٠) بیــردۆزی مۆرفیــم و هەنــدێ لایـەنی وشەسـازیی کـوردی، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی ئـاداب، زانکـۆی صەلاحەدیـن، هەولێـر.

- ئەحمـەد، نەرمیـن عومـەر (٢٠١٠)، بـە بەرهەمـی لـە مۆرفۆلۆژیـی کوردیـدا، ماسـتەر، زانکـۆی سـلێمانی.

- ئەحمـەد، بـڕوا ڕەسـول (٢٠١١)، دۆخ لـە زمـانی کوردیـدا، ماسـتەر، زانکـۆی کۆیـە.

- ئەمیـن، وریـا عمـر (٢٠٠٩) ئاسـۆیەکی تـری زمانـەوانی، بەرگـی یەکـەم، چاپـی دووەم، هەولێـر.

- ئەمیـن، وریـا عومـەر (٢٠١٦)، ڕێزمـانی کاری زمـانی کـوردی، چاپخانـەی زانکـۆی سـەلاحەدین، هەولێـر.

- بابکـر، صالـح عبداللـە (٢٠١٦)، ڕێبـازی مۆرفۆلۆجیـی فەرهەنگـی لـە

شیکردنەوەی گیرەکەکانی زمانی کوردیدا، ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین.
دزەی، عبدالواحد موشیر (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
- حسێن، شیلان عومەر (٢٠٢١)، زانستی زمانی کارەکیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد.
- حسەین، شیلان عومەر (٢٠١٢)، پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- خۆشناو، شێروان حسێن (٢٠١٦)، توانای مۆرفێمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.
- خۆشناو، نەریمان عبداللە (٢٠١٤)، ڕستەسازی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- ڕەسول، عەبدوڵڵا حوسێن (٢٠١٤)، ناکردن لە کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هولێر.
- ڕەمەزان، هێمن سەلاحەدین، (٢٠١٥)، پرۆسە و یاساکانی وشەدروستکردن لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، ماستەر.
- سەعید، سازان زاهیر (٢٠١٣)، پێزی مۆرفێمە داڕێژەکانی بچووککردنەوە و ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- سەعید، سازان زاهیر (٢٠١٩)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیدا، دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- عەبدوڵڵا، ڕۆژان نوری (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- عەلی، بەکر عومەر (٢٠١٤)، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- فەتاح و قادر، محمد مەعروف، صباح رەشید (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕوون، هەولێر.
- فەرهادی، ساجیدە عبدڵڵا (٢٠١٣)، هەندێ لایەنی ڕستەسازیی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- قادر، ئەبوبەکر عومەر (٢٠٠٣) بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- کۆڕی زانیاری کورد (٢٠١١)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- کەریم، عومەر مەحمود (٢٠٠٤)، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشدا - زانکۆی بەغدا.
- کەرەمی، سەعید کەرەمی (١٣٩٦)، وشەناسی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، پەخشنگای زانستگای کوردستان، سنە.
- مارف، ئەورەحمانی حاجی (١٩٧٧)، وشە ڕۆنان لە زمانی کوریدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
- مارف، ئەورەحمانی حاجی (٢٠٠٠)، ڕێزمانی کوردی / بەرگی یەکەم / وشەسازی/ کردار، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- مارف، ئەورەحمانی حاجی (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی/ بەرگی یەکەم/ (مۆرفۆلۆژی) بەشی یەکەم/ ناو، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- محمد، حاتم وليا (٢٠١٩)، مۆرفۆلۆجیی، چاپی یەکەم.
- محمدامین، سروە جعفر (٢٠٢٣)، کۆتکردنی چالاکیی گیرەک لە داڕشتنی وشەی زمانی کوردیدا، ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.
- محەمەدئەمین، یوسف نوری (٢٠١٥)، ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی گوێزانەوە، چاپخانەی نارین، هەولێر.
- مستەفا، مستەفا ڕەزا (٢٠٢١)، پۆلێنکردنی مۆرفێمە بەندەکان – لەسەر بنەمای چالاکیی و سستیی ئەمڕۆیان لە زمانی کوردییدا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- مستەفا، مستەفا ڕەزا (٢٠٢١)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لەبارەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی زمانی کوردییەوە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- مەحوی، محمدی مەحوی (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان – مۆرفۆلۆژیی کوردی، بەرگی یەکەم، سلێمانی.
- مەحویی، محەمەدی مەحویی (٢٠٢١)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان "مۆرفۆلۆژیی کوردیی"، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- مەعرووف، عبدولجەبار مستەفا (٢٠٢٠)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی.

**زمانی ئینگلیزی**

- David crystal (1992), An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages , First published U.S.A.
Leonard Bloomfield (1933), Language , Henry Holt , new York. -
-Stageberg, N. C. (1981), An Introductory English Grammar , 4th published, Holt Rinehart and Winston, U.S.A.
- F. Katamba and J. Stonham , (2006), Morphology, second edition.
-Mark Aronoff and Kirsten fudeman (2011) What is morphology, second edition, Wiley Blackwell.
-Finch, Geoffrey , (2000) Linguistic terms and Concepts. Macmillan : London.
- R.L.Trask , (2007), Language and Linguistics, Second Edition, Edited by peter stockwell, Routledge.

**ملخص**

هـذا البحـث بعنـوان (المعوقـات الصرفيـة في اللغـة الكرديـة). الدراسـة يدخـل الي المسـتوى الـصرفي وفي بعـض الحـالات المسـتوى الـدلالي. أجريـت هـذه الدراسـة وفـق المنهـج الوصفـي التحليـلي.

تتكـون الدراسـة بالإضافـة إلى المقدمـة مـن فصلـين: في الفصـل الأول كبوابـة للموضـوع يتـم شرح عـدد مـن الموضوعـات والمفاهيـم، الفصـل الثـاني مخصـص للقيـود الصرفيـة في اللغـة الكرديـة وقـد أوضحنـا مـا هـي العوامـل المسـببة للقيـود في اللغـة الكرديـة؟ في نهايـة الدراسـة، يتـم عـرض النتائـج وقائمـة المصـادر وملخـص الدراسـة باللغتـين العربيـة والإنجليزيـة.

**Abstract**

This research is titled Morphological Constraints in Kurdish Languag). It enters the morphological level and in some cases, the semantic level. This study was conducted according to the descriptive analytical approach. The study consists of two parts: the first part as an introduction to the subject

A number of topics and concepts are explained, the second part is devoted to morphological constraints in Kurdish and we have explained what are the factors that cause constraints in Kurdish? At the end of the study, the results, list of sources and summary of the study are presented in both Arabic and English.